کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمونیستی ئیران)

دەورەی دووهەم ـ ژمارە ٣٠٤ ـ نیوەی یەکەمی ڕێبەندانی ١٣٩٠ ـ ژانویە ٢٠١٢


## ڕاگەیاندنــی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵــە بە بۆنەی شــانۆگەری هەڵبژاردنی مەجلیسی ئیسلامی

### کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

لــە ئێرانــی ژێر دەســەڵاتی ڕژیمی ئیســلامی دا نێــو بە نێو گاڵتەجاڕێك بە نــاوی هەڵبژاردن دەکەوێتە ڕێ و ماوەیەك دەبێتە دەسمایەی دەزگاکانی پڕوپاگەندەی ڕژیم. ئەمجارەش بڕیارە کە لە مانگی ڕەشەمەی ئەمساڵدا ڕژیم نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی دیاری بــکات و ناوی نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵکیان لە ســەر دابنێ. چاوبەســتنێك کە ناوی هەلبژاردنیان لە سەر داناوە ، هەر لەو ڕۆژەوە دەســتی پێکرد کە ٣٣ ســاڵ لەمەوبەر بۆ شەرعیەت دان بە ڕژیمی ئیســلامی ڕیفراندۆمێك بەرێوەچوو. پرسیارێکی فریودەرانە و وەڵامی ئــەرێ یا نە، کە بۆ ئەم ڕیفراندۆمە دیاری کرابوو، بــە جۆرێك بوو کە گۆیا ئەگەر کەســێك دەنگی ئەرێ نەخاتــە ناو ســندووقەوە، بە مانای ئەوەیە کــە دەیهەوێ ڕژیمی پێشوو بگەڕێتەوە. سەرەرای ئەو فریوکارییە، ئەوکاتیش جەماوەری خەڵکی کوردســتان وشــیارانە لەم دەنگدانەدا بەشداریان نەکرد و ڕەوابوونی ئەو ڕژیمەیان نەســەلماند. دوای ئەم ڕووداوە ولە ماوەی ٣٣ ســاڵی رابــردوودا ، هیچکات هەڵبژاردنێك لــە ئێران بەڕێوە نەچووە کە تەنانەت بە پێوەرەکانی ناسراوی جیهانی سەرمایەداریش بتوانین ناوی هەڵبژاردنی ئازادی لە سەردابنێین.

ئەمجارەشیان هەر ئەو شانۆگەرییە کە دووپات دەبێتەوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردســتان لەمێژساڵە دەســتی ڕژیمیان لەو جۆرە فرت و فێڵانــەدا خوێندۆتەوە. ئەوان باش دەزانن کە ڕژیم لە ڕێگای بەناو هەڵبژاردنەوە دەیهەوێ هەر ئەو بێ مافی و هەژارییەیان بەســەردا بســەپێنێ کە بە ئاگر و ئاســن و زیندان و ئەشکەنجە لە ماوەی ٣٣ ساڵی رابردوودا بەڕێوەی بردووە. ئەم گاڵتەجاڕەی کە بەناوی هەڵبژاردن بەریوەدەچێ، درێژەی هەمان سیاســەتی ســەرکوت و خۆداسەپاندنی بەزۆر بەسەر خەڵکی کوردستان و ئێرانە.

یەکێك لــە کارکردەکانی هەڵبژاردن لە ئێرانی ژێردەســەڵاتی ئەو ڕژیمەدا بریتی بووە لە کردنی ئەو شــانۆگەرییە بە ئامرازیک بۆ وەدەر نانی داروودەســتەکانی نەیار بە یەکتر لە ناوخۆی دەزگای دەسەڵات دا. ئەگەر قسەیەك لە سەر نادێموکراتیك بوونی پڕۆسەی هەڵبژاردن، دەست تێوەردانی شورای نیگەهبان و وەلی «فەقیە« ، سوپای پاسداران و ڕەتکردنەوەی سەلاحیەتی ئەو کەسانەی خۆیان پاڵاوتووە و تەقەلوب لە دەنگەکان و گلەیی دیکەی لەو چەشــنە هەیە، ئەوانە هەمووی پەیوەندیی بە پێشــێل کردنی پەیرەو و ڕێو شــوێنی گەمەکە لە ناوخۆیانەوەیە. ئەوە ڕەخنەی خەڵکی تینووی ئــازادی ئەو وڵاتە نییە لە کۆماری ئیســلامی ، ئەوە ڕەخنەی باڵەکانی ناوخۆی دەسەڵاتە لە یەکتر. مافی کۆمەڵانی خەڵك لەو کاتەوە پێشێلکراوە کە ڕژیمێکی، دژ بە کرێکار، دژ بە ژن ، دژ بە لاو ، دژ بە شادی ، دژ بە ئازادی ، چەوسێنەر ، ستەمکار، دژ بە هەموو بنەماکانی ئینسانییەت بە زەبری کوشت و بڕ و ئەشکەنجە و زیندان، بە زۆر خۆی بە ســەر خەڵکی ئەو ولاتەدا سەپاند. هەر بۆیە نابێ ڕێگە بدرێ ململانێی ناوخۆیی ڕژیم، توند بێ یا هێور ، لە سەر حیسابی کۆمەلانی خەڵکی ئێران بنووسرێ..

لە کام یەک لە ٨ دەورەی رابردووی مەجلیسی ئیسلامیدا و لە سەر زمانی کام لەو کەسانەی کە بە ناوی نوێنەری خەڵکی کوردستان دەچنە مەجلیس بۆ تاقە جارێکیش بووە دەنگی نارەزایەتی خەڵکی کوردســتان بەرانبەر بەو هەموو ســەرکوت و کوشتار و جەنایەتە، بەرانبەر بە ئەو هەمووە زیندان و ئەشــکەنجەیە ، بەرانبەر بە ئەو هەمووە بێ مافی و هەلاواردنە، بەرزبۆتەوە؟ کام لەم

ل٢

## کار، یان بیمەی بێکاری کافی

ل٥



### وتووێژی گۆڤاری والاپرێس لەگەڵ "حەسەن رەحمان پەنا" ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازاری داهاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و کاریگەرییان لە سەر ئێران، ئەگەری پەلامارو هێرشی ئەمەریکا و خۆرئاوا بۆ سەر ئەو وڵاتەو کۆمەڵ و هاوئاهەنگی نێوان لایەنە کوردستانییەکان بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو لە ناو ئێران و کوردستاندا. گۆڤاری والاپرێس دیدارێکی تایبەتی لە گەڵ حەسەن رەحمان پەنا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، ساز کرد... ١-٢

ل٧

## پێویســتە لەبەرانبەر توند بوونەوەی گوشــار بۆ سەر هەڵسوڕاوانی کرێکاری خۆراگری بکرێ

ل٣





ئەدۆنێســەکانی ســەر زەوی، غەزەل وێژانی سوریە

٩



ســەرکەوتنی خەڵکــی یەمــەن، لــە گرەوی بەردەوامی و قوڵتر بوونەوەی خەباتی یەکگرتوانەیان دایە

٣



چی بەسەر زیندانیانی نەخۆشی نێــو زیندانەکانــی کۆمــاری ئیسلامی دێت؟

١٠



بڕینــی شــەبەکەی ئینتێرنێتــی جیهانی و وەکارخســتنی شــەبەکەی ئینتێرنێتی (میلی)!!

٢



«ئانجێلا دیویس»

٨

# درێژەی: ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی شانۆگەری ...




بە ناو نوێنەرانە لە کام دەورەدا بۆ یەکجاریش، ئاوڕێکیان لەکار و ژیانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کوردستان داوەتەوە. کام یاسا لەم بە ناو پارلمانە هاتۆتەدەرێ کە بۆنێکی لە پیشکەوتنخوازی و لە دابین بوونی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی چەوساوەی پێوە دیار بێت و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و کار و نان و مەسکەنی بۆ خەڵکی هەژار و بەش مەینەتی کوردستان بە شوێندا هاتبێ؟ ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەچنە مەجلیسەوە نەك هەر دژ بە ستەمی نەتەوایەتی نین، بەڵکو خۆیان بەشێك لە سیستمێکن کە بەریوەبەری ئەو ستەمکاریەیە.

کریکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش لە هیچ سەردەمیکدا بەقەدەر ئەم سەردەمە ماهیەت و ناوەرۆکی شانۆگەرییەکی بەم جۆرە گاڵتەجاڕانەیان بۆ دەرنەکەوتوە. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەزانن کە کەسانێک کە لەم شانۆگەریەدا بە ناوی نوێنەری ئەوان سەرلە سندووقەکانی دەنگدان دەردێنن، ناچنە پارلمان تا مافی کرێکاران و خەڵکی هەژار بە یاسایی بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە دەچنە پارلمان تا یاسا بۆ چەوساندنەوەی توندتر و داسەپاندنی بارودۆخی نالەبارتر بە سەریان، دابرێژن . ئەوان ناچنە پارلمان تا لە دژی ستەمی نەتەوایەتی بە سەر خەڵکی کوردستان دەنگ هەڵبڕن، بەڵکوو دەچن تا زنجیرەکانی ئەم ستەمکاریە توندتر کەنەوە. ئەوان ناچنە پارلمان کە لە پێناو یەکسانی ژن و پیاودا دەنگ بدەن، بەڵکوو دەچنە ناو پارلمانێکەوە کە لە ناخی خۆیدا لە سەر بنەمای بێ مافکردنی ژن بینا کراوە، ئەوان دەچنە مەجلیس تا دەنگ بە جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە ناوەندکانی فێرکردن و بارهێنان دا بدەن. ئەوان بۆ ئەوە ناچنە پارڵمان تا دەنگ بۆ چارەسەری کێشەی لاوان بدەن، دەچن تا بە دانانی یاسا، شادی و خۆشی و هیواو هومێدیان لێ بستێنن. هەر دەنگێك، لە هەر قۆناغێك دا، بە هەر پاساوێك و بۆ هەر ناوێك لەم بە ناو هەلبژاردنانەدا خرابێتە سندووقی دەنگدان ،بە کردەوە لە خزمەت درێژ کردنەوەی تەمەنی رژیم و لە خزمەت درێژەی ئەو کارەساتانە دابووە کە کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی ئەو ولاتەی هێناوە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکات کە لەو شانۆگەریەدا بەشداری نەکەن. ئەو کەسانەی کە بۆ ئەو پۆستە دیاری کراون، هەموویان لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەو رژیمەدا گونجاون. بۆ رژیم ئەوەندەی کە هاتنی خەڵك بۆ پێی سندووقی دەنگدان گرینگە، ئەوەندە هەڵبژاردنی ئەم یا ئەویان پێ گرینگ نییە. کەوایە، با جەماوەری خەڵکی کوردستانیش جارێکی دیکە دیمەنێك لەیەك دەنگی، لە راوەستاوی و خۆڕاگری، دیمەنێکی دێکە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بە جیهان نیشان بدەن. دیمەنێك لە چەشنی مانگرتنی گشتی ٢٣ ی گولان و ١٦ ی گەلاوێژ بێت. با کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە بەشداری نەکردنی خۆیان لەم هەڵبژاردنەدا، بە هەموو جیهان نیشان بدەن کە ئەو رژیمە هیچ چەشنە شەرعیەتێکی نییە و خۆی بە زۆر بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا سەپاندووە. ئەمڕۆ لە کوردستان تەنانەت رژیم خۆشی ناتوانێ چۆڵ بوونی دەوروبەری سندوقەکانی لە رابردوودا و لەو جۆرە هەڵبژاردنانەدا بشارێتەوە. ئەوجارەش پێویستە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە ریسواکردنی ئەم گاڵتە جاڕەی کە بەناوی هەڵبژاردن تەبلیغاتی پێوە دەکرێ، بە بەشداری نەکردنی خۆیان لەو شانۆگەریەدا، لاپەڕەیەکی دیکە لە خەباتی لێبڕاوانەی خۆیان لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمار بکەن.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**بە فرانباری ١٣٩٠**
**ژانویە ٢٠١٢ی زاینی**

***

# بڕینی شەبەکەی ئینتێرنێتی جیهانی و وەکارخستنی شەبەکەی ئینتێرنێتی (میلی)!!

کاربەدەستانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاندوە کە تا دوو حەوتووی دیکە شەبەکەی جیهانی ئینتێرنێت ڕادەگیرێ و هاوکات شەبەکەیەکی ناوچەیی بەناوی" ئینترنێتی میللی" دەکەوێتەکار. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی کە خۆی بۆ بردنە پێشی کارو باری حکومەتی زۆرترین کەڵک لە ئینتێرنێت وەردەگرێ، بەڵام بەردەوام سەبارەت بەوەی کە خەڵک دەستیان بە شەبەکەی ئینتێرنێت ڕادەگات و لە گۆڕینەوەی ڕاو بۆچووندان و پەیوەندیان بە دنیای دەروە و نوێگەریەکانی هەیە، نیگەرانە و بەردەوام بە درێژایی تەمەنی ئینترنێت بە شێوەی جۆراو جۆر هەوڵی داوە خەڵک لە دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت بێ بەش بکات. کاربەدەستانی حکومەتی بە باشی دەزانن کە بوونی وەها دیاردەیەک تا چ ڕادەیەک لە لاوازکردنی بنەما فکرییە کۆنەپەرستانەکانیان و لە قاودانی جەنایەتی ڕۆژانەیاندا دەور دەبینێ. هەر لەبەر ئەمەیە کە لەهەر ڕێگایەکەوە بۆی بکرێ و بەهەر فێڵ و تەڵەکەیەک بێت، دەیهەوێ ئەم پردە پەیوەندییە گرینگە بڕوخێنێ و نەهێڵێ خەڵک دەستیان بەم شەبەکە جیهانیە ڕابگات و وەک تریبوونێک بۆ دەستە بەرکردنی هاوپشتی خەڵکی دنیا و کەرەسەیەک بۆ لەقاودانی هەرچی زیاتری ئەم ڕژیمەی قەتڵ و جەنایەت و تاڵانگەریە گەڵکی لێ وەربگرن. کۆماری ئیسلامیش لە ئەزموونی ئاخێزە جەماوەریەکانی دوای کودتای هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ و هەروەها ڕاپەڕینە دیکتاتۆر ڕووخێنەرەکانی شومالی ئەفریقا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو دەرسەی وەرگرتوە کە ئینتێرنێت چ یارمەتیەک بە بانگەواز و داوای بەشداری لە کۆبوونەوەی نارەزایەتیدا و هاندان و ڕێکخستنی جەماور بۆ خەبات و تێکۆشان دەگیەنێ. هەر لەبەر ئەمەیە کە ڕۆژێک بەناوی" شەڕی نەرم" دێتە مەیدانی نەبەرد لەگەڵ بەکار هێنەرانی ئینتێرنێت، ڕۆژێک بەناوی" پاسداری لە ئەخلاقی ئیسلامی و بەرگرتن لە هێرشی فەرهەنگی" فیلترِی دەکات و ئێستاش بۆ بڕینی بەتەواوەتی ئەم ئامڕازە پەنای بردۆتە بەر تێکنولۆژی بە ئەمانەت وەرگیراو لە چین و ڕوسیە و مژدەی ئەوە دەدات کە تا دوو حەوتوی دیکە تۆڕی ئینتێرنێتی جیهانی دەبڕێت و بە وەکار خستنی جۆری میللی و بەتەواوەتی کۆنتڕۆڵ کراوەکەی، گشت بەکار هێنەرانی بەبێ پاراستنی هیچ حەریمێکی تایبەتی بۆ هیچ کەسێك، هەموویان لەژێر سیستمێکی پۆلیسیدا بەناوی" ئینتێرنێتی میللی" دەخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە. هەڵبەت ئەم ڕژیمە کۆنە پەرستە لە ئامادە و تەواو کردنی گەڵاڵەی بڕینی شەبەکەی ئینتێرنێتی جیهانی و وەکارخستنی " شەبەکەی میللی دا"، لەم دواییانەش لەلایەن" پۆلیسی فەزای بەرهەم هێنان و گۆڕینەوەی زانیاری هێزی ئینتیزامی ئێرانەوە( فەتا )" بە دەرکردنی شیوەکارێکی ٢٠ خاڵی ڕوو بە گشت ناوەندەکانی دانی خزمەتگوزاری ئینتێرنێت(کافەنێتەکان)، واداری کردون دەستبدەنە کۆنترۆڵی هەرچی زیاتری بەکار هێنەران لە ڕاستای بردنە پێشەوەی سیاسەتێکی سەرکوت گەرانە و ئەمنیەتی کە مەبەستی ڕژیمە. بە پێی ئەم شێوەکارە، نە تەنیا بەرپرسانی کافەنێتەکان مولزەم بە دانانی دوور بینی مەدار بەستە و تۆمارکردنی ناسنامەی بەتەواوەتی کەسەکان بە وێنەوەن، بەڵکو دەبێ ئەو سایتانەی بەکاربەران سەردانیان دەکەن و جۆری فەعالیەتە ئینتێرنێتیەکەشیان ڕابگەیەنن. هەر بە پێی ئەم شێوەکارە، ئەرکی بەرپرسانی کافەنێتەکانە تا هەموو ئەو زانیاریانە بە ماوەی ٦ مانگ بۆ ئەگەری بەرڕەسی و بەدوادا چوون لەلای خۆیان تۆماربکەن و ڕابگرن. لە ڕاستی دا بەم کارەی دەوڵت، فەعالیەتی مشتەری کافەنێتەکان لەهەر کاتێکدا دەکرێ بەدوادا چوونی لە سەر بکرێ و هەر کاتێک بە پێویستی بزانن دەتوانن بە گەڕانەوە بۆ ناسنامە و وێنەی ویدیویی تۆمار کراوی بەکاربەران، ئەوان بگرنە ژێر چاودێری و بەدوادا چوونەوە. بێ گومان مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە بڕینی شەبەکەی جیهانی و وەکار خستنی شەبەکەی ناوچەیی و دەرکردنی وەها شێوەکارێک، زۆر زیاتر لە شناسایی کردنی کەسەکان و تۆمار کردنی دەقیقی ناسنامەی مشتەری کافەنێتەکانە. لە ڕاستی دا کۆماری ئیسلامی بەم شێوەیە دەیهەوێ ئەمنیەتی ڕۆحی و ڕەوانی خەڵک تێک بشکێنێ، ترس و نیگەرانی گشتی و فەزای پۆلیسی لەنێو خەڵکدا پەرە پێبدات، باوەڕ بە یەکتری لەنێوان ئینسانەکاندا لەناو بەرێت، کەش و هەوای جاسووسی بەسەر کافەنێتەکاندا زاڵ بکات و ئەم شوێنە گشتیانە کە دەتوانن جێگایەک بۆ گۆڕینەوەی بیرو ڕا، هاوفکری، هاورێی و بڕیاردان سەبارەت بە کردەوە و هەنگاونانی هاوبەش بن، بکاتە بنکەی جاسووسی و تەڵەی ئەمنیەتی.

کۆماری ئیسلامی فریوکارانە ئەم شێوە و شگردە بێ نیهایەت پۆلیسیانەی، بە کردارێک لە ڕاستای بەرگرتن لە دزرانی زانیاری و حیسابی خسوسی و باقی زانیاریەکانی هاوڵاتیان و ئارامش و ئاسایشی ڕۆحی و ڕەوانی ئەوان داوەتە قەڵەم. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی تەواوی شیرکەتەکانی دانی خزمەتگوزاری ئینتێرنێتی خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و خاوەن ئیمتیازی ئەم شیرکەتانە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری شیرکەتی موخابەراتی ئێران دان، کە ئەویش خۆی لەژێر کۆنترۆڵی سپای پاسداران دا کار دەکات، بەڵام ئەم ڕادەیەش لە کۆنترۆڵ نەیتوانیوە نیگەرانی ڕژیم لە کاردانەوە و کاریگەری ئینتێرنێت کەم بکاتەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ لابردنی ئەم نیگەرانییە قوڵەی ئەمجارە دەستی بۆ فێڵێك بردوە کە نەک هەر بەکردەوە دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت دژوار دەکات و تا ئەندازەیەکی زۆر نا مومکێنی دەکات بەڵکو دەیەوێ ئەو نیگەرانیە لای گشت بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت دروست بکات کە هەر چەشنە کەڵک وەرگرتنێکی ئینتێرنێتی ئەوان، لەلایەن ئورگانە ئەمنیەتیەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و هەرکات ئیمکانی ئەوە هەیە لەلایەن پۆلیسی سایبیریەوە لێپرسینەوەیان لێ بکرێ. هەوڵەکانی تائێستای کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کۆسپ دروست کردن بۆ خەڵک لە بەهرەمەند بوونی بەتەواوەتی لە تۆڕی ئینتێرنێتی جیهانی نە تەنیا نەفرەتی بەرینی جەماوەری بە دواوە دەبیت، بەڵکو دەبێتە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی ناوەندەکانی پاریزەری مافی هاوڵاتیان و مافی ئازادی ڕا دەربڕێن. بەشێک لەم ناوەندانە هەر لە ئێستاوە، هەوڵەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بۆ وەکارخستنی ئینتێرنێتی میللی بە "گەڵاڵەیەک دژبە ئازادی ڕا دەربڕین و یاسای جیهانی ئینتێرنێت" ناوبردوە و بێ گومان ئەم چەشنە نارەزایەتی دەربڕینانە درێژەیان دەبێت. ئەم هەوڵە تازانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕاستای دروست کردنی کۆسپ لەسەر رێگەی بەهرەمەند بوونی تەواو لە تۆڕی ئینتێرنێتی جیهانی لە حالێکدا بە کردەوە دەردێت کە ئەم چەشنە کردەوانە جەندین جار ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی ڕژیمی ئیسلامییەوە لە ئێران تاقی کراوەتەوە و شکستی هێناوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، لە سەرتاوە پەروانەی کەسبی بە شیرکەتە خوسوسیەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاری ئینتێرنێت نەدا و دواتر نرخی کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێتیان گران کرد و هاوکات خێراییەکەشیان دابەزاند. قانوونی جەریمەی ڕایانەییان لە پارلمانەکەیان هێنایەدەر و هیچکام لەمانەش دەردێکی دەوا نەکرد. ئێستا لە گشت ئەم بوارانەدا پاشەکشەیان کردوە. کاربەدەستانی ڕژیم وێبلاگ نووسینیان قەدەغە کردووە و وێبلاگ نووسەکانیان خستۆتە زیندانەوە، ئاکامەکەشی بووە بەوە کە زۆرترین ئاماری وێبلاگ نووسان لە ئێران دا سەر هەڵبدەن. سایەتە ئینتێرنێتەکانیان فیلتێر کرد، سەنعەتی فیلتێر شکێن برەوری پێدرا و گەشەی کرد. سپای پاسداران بۆ شەڕ لە دنیای مەجازی ئینتێرنێت دا، ناوەندی تایبەتی دامەزراند، شەبەکە کۆمەڵایەتیە ئینتێرنێتیەکان پەرەیان سەند. ڕژیم کە لە تەواوی ئەم بوارانەدا سەری لەبەرد دراوە، ئەمجارە بە گەڵاڵەی بڕێنی تۆڕی جیهانی ئینتێرنێت و دامەزراندنی شەبەکەی ئینتێرنێتی میللییەوە هاتۆتە مەیدان. بەبێ گومان زۆر ناخایەنێت لاوانی پڕشۆر و کارامە کە فوت و فەننی خۆڕاگری لە بەرانبەر کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی دا فێربوون، زانیاری پێویستیش بۆ بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ ئەم هەوڵەی ڕژیم بەدەست دێنن و لەم بوارەشدا ڕژیم جگە لە شکست و ڕووڕەشی شتێکی دیکەی بە نسیب نابێت. لاوان و خەڵکی ئازادی خوازی ئیران ئیجازە نادەن ئازادی تاکە کەسی و ئیمکانی پەیوەندی گرتنیان لەگەڵ دنیای دەرەوە و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایان لەگەڵ خەڵکی دنیا و دەست ڕاگەیشتنیان بە نوێگەریەکانی دنیای ئەمڕۆ، لە لایەن تاقمێک کۆنە پەرستەوە لێ زەوت بکرێت.




***

# سەرکەوتنی خەڵکی یەمەن، لە گرەوی بەردەوامی و قوڵتر بوونەوەی خەباتی یەکگرتوانەیان دایە



شەبەکە هەواڵنێریەکان ڕایانگەیاند کە "عەلی عەبدوڵا ساڵح" دیکتاتۆری یەمەن بەرەو وڵاتی عومان ڕۆیشتووە تا دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەوێ، بچێت بۆ ئەمریکا. حیزبی دەسەڵاتداری یەمەنیش، هەواڵی چوونە دەرەوەی ساڵحی پشتڕاست کردۆتەوە و هەواڵنێری ڕەسمی یەمەنیش ڕایگەیاندووە کە عەلی عەبدوڵا ساڵح بەشێوەی چاوەڕواننەکراو وڵاتی بەجێ هێشتوە. ساڵح چەند سەعاتێك بەر لە جێ هێشتنی وڵات، لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی "حیزبی کۆنگرەی میللی" دەسەڵاتدار لە یەمەن لە سوخەنرانییەکدا، سەبارەت بە هەڵەکانی دەورانی ٣٣ ساڵەی دەسەڵاتداریەتی خۆی، عوزرخوایی لە خەڵکی یەمەن کرد و داوای لێکردن لێی خۆشبن. هەواڵنێری ڕسمی یەمەن ڕایگەیاندووە کە ساڵح پاش چارەسەر کردنی نەخۆشیەکەی لە ئامریکا، بۆ ڕێبەری کردنی حیزبەکەی دەگەڕێتەوە یەمەن. ئەگەرچی لە ڕوانگەی بەشێك لە هەواڵنێرییەکانەوە چوونەدەرەوەی ساڵح لە وڵات، چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام لەو کاتەوە لە عەرەبستان گەڕاوەتەوە بۆ یەمەن، کۆمەڵێك هەوڵی ئاشکرا و شاراوە ئەنجامدراون کە بەگشتی باس لەوە دەکەن ئەم کردەوەیە، هەم بواری بۆخۆشکراوە و هەم چاوەڕوان کراویش بووە. یەکێك لەو کارانە ئەوەیە کە ماوەیەك لەوەپێش لە لایەن هەواڵنێرییەکانەوە ئاشکرابوو عەلی عەبدوڵا ساڵح پاش چارەسەر کردنی نەخۆشییەکەی، دەبێتە پەنابەری وڵاتی ئێماراتی یەکگرتووی عەرەبی و لەگەڵ ٥٠ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بەرەو شاری ئەبووزەبی دەچێت. بەپێی نوێترین هەواڵەکانیش، ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ ژانویە، پارلمانی یەمەن لەسەر بنەمای "گەڵاڵەی شوڕای هاوکاری کەنداوی فارس" قانوونێکی پەسەند کردووە کە بەپێی ئەو عەلی عەبدوڵا ساڵح و تەواوی ئەو کەسانەی لە ماوەی ٣٣ ساڵ سەروك کۆماریی ناوبراودا لەگەڵی هاوکار و هاودەست بوون،"لە بەدوادا چوونی قەزایی" چاوپۆشیان لێ دەکرێت. ئەم گەڵاڵەیە، سەرەڕای پاراستنی ساڵح و هاوکاران و کەسانی نزیکی لە کەوتنە ژێر لێپرسینەوەی قەزایی، ئەو مەجالەشی دەداتێ تا ئیختیاراتی سەرۆك کۆماریی بداتە دەست جێگرەکەی خۆی. کۆی ئەم هەوڵانەی دراون و دەرچوونی ساڵح لەژێر لێپرسینەوە و دادگایی کردن، لەگەڵ ئەو ئیزنەی لە لایەن ئەمریکاوە پێیدراوە تا لە ژێر ناوی چارەسەری نەخۆشیدا بچێت بۆئەو وڵاتە، باس لەوە دەکەن کە ئامریکا و ڕۆژئاوا سیناریۆی لابردنی ساڵح و جێگرەوەی ئەویان گەیاندۆتە قۆناخی کۆتایی، بەڵام لەهەمان حاڵدا قەرارە بە هۆی خۆشخزمەتیەکانی تائێستای، گیان و ماڵ و سەروەتەکەشی بۆ بپارێزن. دەوڵەتی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەکاتێکەوە کە هەستیان بەوەکرد دیکتاتۆری یەمەن لەژێر گوشاری نارەزایەتی جەماوەریدا لەگەڵ مەترسی ڕووخان بەرەڕوو بۆتەوە، لە کاناڵی (کۆمکاری عەرەبیەوە) هاتنە نێو کێشەکەوە تا ئەگەری هێنانەخوارەوەی ساڵح لە کورسی دەسەڵات تا ئامادەکردنی ئاڵترناتیوی جێ سەرنجی خۆیان دوا بخەن. بەدوای ئەم هەوڵانەدا بوو کە کۆمکاری عەرەبیی دەستبەکاربوو وە نەخشەی ڕێگای گواستنەوەی دەسەڵاتی لە چوارچێوەی گەڵاڵەیەکدا، بە ساڵح و ڕژیمەکەیدا. ئەو هەنگاوانەی تائێستا نراون، دەریدەخەن ئەو سیناریۆیەی کە ڕۆژئاوا موپتەکر و داهێنەری بووە، تا ئەو ئاستە چۆتە پێشەوە کە ساڵح ماڵئاوایی کۆتایی بکات و دەسەڵات بداتە دەست جێگرەکەی. گشت ئەمانە لە حاڵێکدان کە نزیك بەساڵێك لە دەستپێکردنی نارەزایەتی بەرین و هەمەلایەنەی جەماوەریی خەڵکی یەمەن تێپەڕدەبێت و سەرەڕای ئەوەی لە جەریانی ئەو سەرکوتگەریانەی تا ئێستا کراون، ژمارەیەکی زۆر لە نارازیان و نەیارانی ڕژیم ڕفێندراون و گیراون و ئاماری کوژراوەکانیش لە سنووری هەزار کەس تێپەڕیوە، بەڵام خەڵکی تووڕە و نارازی هەروا لە مەیداندان. بەداخەوە بە هۆی ئەوەی تا ئێستا لە لایەن جەماوەری خەڵکەوە ئاڵترناتیوێکی تۆکمە و یەکدەست و ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بەکردەوە دەرهێنانی دەسەڵاتی جەماوەریی شکڵی نەگرتووە، ئەو هەوڵ و خەبات و گیانبازیانەی تا ئێستا کراون، لەگەڵ گشت دەستکەوتەکانیدا نەیتوانیوە ئاسۆی سەرکەوتنی یەکجاریی بەڕوونی دەست نیشان بکات. وا دەردەکەوێ کە ئێستا ڕۆژئاوا دڵنیایە لەوەی بەو هەنگاوە ئاشکرا و شاراوانەی تا ئێستا ناویەتی بەبێ ئەوەی هەزینەیەکی ئەوتۆی دابێت، دەتوانێ بە شێنەیی بە گواستنەوەی دەسەڵات، ساڵح لە مەیدان وەدەرنێ و گەڵاڵەش بۆ ناردنەوە ماڵەوەی خەڵك دابڕێژێت. بەڵام بە سەرنجدان بەوەی ئەو بێبەشی و زەمینە مادییانەی کە خەڵکی یەمەنیان وادار بە شۆڕش و ڕاپەڕین لە شەقامەکاندا کرد، هەروا لەجێی خۆیانن، هەڵاتنی دیکتاتۆری یەمەن دەتوانێ ڕۆحیەیەکی هێرشبەرانەتر بە خەباتی خەڵکی ئەم وڵاتە بدات. درێژەی نارەزایەتی خەڵك لەشەقامەکاندا و هاتنەگۆڕی داخوازی دادگایی کردن و بەسزا گەیاندنی ساڵح و هاوکارانی لەلایەن ئەوانەوە، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خەباتی خەڵکی یەمەن نەك هەر درێژە دەکێشێت بەڵکوو دەتوانێ بچێتە فازێکی دیکەشەوە. خەباتێك کە لە وڵاتی یەمەندا لە ئارادایە تا ئێستاش کە بوەتە هۆی هەڵاتنی دووهەم جاری ساڵح، نیشانەی چاوکراوەیی جەماوەریی خەڵکێکە کە لەژێر باری سووکایەتی ئەو دەیانساڵەی لە لایەن نیزامی دیکتاتۆڕی دەسەڵاتدار بەسەر ئەم وڵاتەدا دەرحەقیان دەکرا، پشتیان ڕاست کردۆتەوە. خەڵکی ڕاپەڕیوی یەمەن کە زۆربەی هەرەزۆریان لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و لاوانی بێکار و خەڵکی دەستکورت پێکدێن، هەرچەند بەداخەوە هێشتا خاوەنی ڕێکخراو و ڕێبەریی ڕاستەقینەی خۆیان نین، بەڵام چەندین مانگە بە سەرسەختی تەواوەوە و بەبێ پشوودان درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان داوە. درێژەی ڕاپەڕین و چەسپاندنی هەنگاو بە هەنگاوی دەسکەوتەکانی، دەتوانێ بواری چارەسەریی کەموکوورییەکانی تا ئێستای ئەو خەباتە خۆش بکات. وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاگایی و ئەزموونێکی کە لە ناخی ئەم خەباتەدا بەدەست هاتووە و بەدەست دێت، دەسمایەی پەڕینەوە بۆ دەورەی دواترە. ئەوەی کە لەم نێوانەدا گرینگە هەست کردن بەم ڕاستییەیە کە ڕۆیشتنی دیکتاتۆر لەم وڵاتەش وەك وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، تەنیا هەنگاوی یەکەم لە ئاست بەئاکام گەیشتنی خەباتی خەڵکی یەمەندایە. داهاتووی ڕوون بۆ خەڵکی یەمەن لە گرەوی درێژەدان بەم خەباتە دایە تا پووچەڵ کردنەوەی پیلانی ئیمپڕیالیستەکان و کۆنەپەرەستانی ناوچەکە بۆ دیاریکردنی جێنشینی ئەم ڕژیمە و تا شکڵ پێدانی وەها دەسەڵات و حاکمیەتێك کە ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە بەسەر چارەنووسی سیاسیاندا مسۆگەر بکات.لەگەڵ ئەوەی کە لەوەناچێت عەلی عەبدوڵا ساڵح پاش دوو جار هەڵاتن دیسانیش بگەڕێتەوە بۆ یەمەن، بەڵام ئەگەر هێزە جەماوەریەکان بە خێرایی خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا نەگونجێنن و خۆیان ڕێکنەخەن، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە بە هیوای ڕزگار بوون لە دیکتاتۆڕی و دەستەبەر کردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودەتر ڕژابوونە سەر شەقامەکان، شتێکیان بە نەسیب نابێت. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ڕاپەڕیوی یەمەن، پێویستە لە ئەزموونەکانی خەباتی خۆیان و ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە میسر و تۆنیس و بەلاڕیدا بردنی ڕاپەڕینی خەڵکی لیبی ئەوە فێربووبێتن کە تەنیا بە پشت بەستن بە ستراتێژی سیاسی ڕوونی خەباتگێڕانە و بە درێژەدان و قووڵکردنەوەی ئاخێزە جەماوەریرکان، دەتوانن بەر بەوە بگرن خەباتی مافخوازانەیان لەلایەن هێزە ئیمپڕیالیستی و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە لەبار نەبرێت. خەڵکی برسی و تینووی ئازادی، ڕانەپەڕیون بۆئەوەی بە دەرپەڕاندنی دیکتاتۆر، بەبێ ئەوەی کە داخوازیەکانیان دەستبەر بکەن، بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. دەرپەڕاندنی دیکتاتۆر هەنگاوێکی گەورە و گرینگە، بەڵام لەوە گرینگتر درێژەی ئاخێز و ڕاپڕینەکان و چەسپاندنی هەنگاو بەهەنگاوی دەستکەوتەکان و ڕاماڵینی سەرتاپای سیستمی دیکتاتۆری و دامەزراندنی حاکمییەت و دەسەڵاتی جەماوەری ڕاپەڕیوە!

***

# پێویستە لەبەرانبەر توند بوونەوەی گوشار بۆ سەر هەڵسوڕاوانی کرێکاری خۆڕاگری بکرێ

جارێکی دیکەش توندبوونەوەی گوشار بۆسەر هەڵسووڕاوانی کرێکاری دەستی پێکردۆتەوە. کۆماری ئیسلامی لە هێرشێکی نوێ لە نێوەڕاستی مانگی بەفرانباردا، هەڵسوڕاوانی کرێکاری "موزەفەر ساڵحنیا و شەریف ساعدپەنا" لە ئەندامانی "هەیئەت مودیرەی یەکێتی ئازادی کرێکارانی ئێران" ی دەستبەسەر کرد و ڕەوانەی زیندان کران. هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنی ئەم دوو هەڵسووڕاوە کرێکارییە، حوکمی هەڵوەشاوەی دوو ئەندامی دیکەی هەیئەت مودیرەی ئەم ڕێکخراوە کرێکارییە "شیس ئەمانی و سەدیق کەریمی" سەر لەنوێ وەگەڕ خستەوە و ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی بەفرانباریش، هەڵسوڕاوی کرێکاری "شاڕوخ زەمانی" کە تازە لە زیندان ئازاد کرابوو لەسەر کارەکەی دەستگیر کرا و ڕەوانەی زیندانیان کرد. هاوکات لەگەڵ گیرانی شاڕوخ زەمانی، ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە ئوستانی ئازەربایجانی شەرقی، بەتەلەفون "موحەممەد جەڕاحی، نیما پوریەعقوب و ساسان واهبی وەش" کە لە هەڵسوڕاوانی کرێکاری و خوێندکارین، بانگ کردووە و لە کردەوەیەکی کەم وێنەدا لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە حوکمی زیندانیان پێ ڕاگەیەندراوە. ئەم دەستبەسەرکردنە نوێیانە، لە حاڵێکدا بەڕێوە دەچێت، کە نارەزایەتی دژی گرتن و زیندانی کردنی ئەم هەڵسوڕاوانە هەروا درێژەی هەیە. ڕەزا شەهابی کە تازە چەند ڕۆژێکە لەسەر داوای بنەماڵە و هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، مانگرتن لە خواردنی وەلاناوە، هەروا لە زینداندایە و بەدەست چەندین نەخۆشیەوە ئازار دەکێشێ. بەپێی پانزەهەمین ڕاگەیەندراوی کومیتەی داکۆکی لەم هەڵسووڕاوە کرێکارییە، کاربەدەستانی قەزایی و ئەمنیەتی ڕژیم، نە خەیاڵی ئازادکردنی ئەویان هەیە و نە هەنگاوێکی جیدیش بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکەی هەڵدەگرن. بارودۆخی هەڵسووڕاوانی ناسراوی کرێکاری وەک: مەدەدی، ڕەخشان و نەجاتیش نەک هەر باش نییە، بەڵکو زۆریش مەترسیدارە. نەجاتی هەروا بەدەست نەخۆشیەکانیەوە ئازار دەکێشێ و مەدەدیش دوای تێپەڕکردنی چەندین ساڵ زیندان، هێشتا ئازاد نەکراوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەو گوشارانەی خستویەتەسەر هەڵسووڕوانی کرێکاری بەشێوەیەکی هەمەلایەنە کەوتۆتە ژێر گوشارە نیوخۆیی و نێونەتەوەییەکان، بەم حاڵەشەوە بەردەوام گوشارەکانی چڕتر دەکاتەوە، بەو هۆکارەی کە خەباتی کرێکاری بە مەترسیەکی گەورە دەبینێ و نایهەوێ بە ئاسانی پاشەکشە بکات. هەڵسووڕاوانی کرێکاری چ لەناوخۆ و چ لەدەرەوەی وڵات بەشیوەی جۆراوجۆر دژی ئەم ڕژیمە دژی کرێکاریە، خەبات دەکەن و جاری واهەیە لە ناوەوە دەست دەدەنە ئیبتیکاراتێک کە گەلێک نوێ و داهێنەرانەیە و ئەگەر درێژەی هەبێت و لایەنی سەرتاسەری بەخۆیەوە بگرێ، دەتوانن گوشاری جیدیتر بە سەر ڕژیمدا بسەپێنن. بۆ نموونە دوابەدوای دەستبەسەر کرانی دوو هەڵسووڕاوی کرێکاری شەریف ساعد پەنا و موزەفەر ساڵحنیا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی بەفرانبار، بنەماڵەی ئەم دوو هەڵسووڕاوە کرێکارییە بە پشتیوانی چەندین بنەماڵەی کرێکاری دیکە لە کۆبوونەوەیەکدا لەبەردەم ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە شاری سنە، دەستیاندایە نارەزایەتی دەربڕین و خوازیاری ئازادی بێ شەرت و مەرجی ئەو دوو هەڵسووڕاوە کرێکارییە بوون. بنەماڵە نارازییەکان، هەروەها بە کۆبوونەوە و درێژەدان بە نارەزایەتی دەربڕینەکانیان، لەسەر داواکاریەکانی خۆیان پێداگریان کرد. کۆمەڵگای کرێکاری و جەماوەرێکی بەرین لە خەڵک بە باشی دەزانن کە کەسانێکی وەک ڕەزا شەهابی، عەلی نەجاتی، ئیبراهیم مەدەدی، شەریف ساعد پەنا، موزەفەر ساڵحنیا، شاڕوخ زەمانی و گەلێک لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، هەرکامە، یان لەژێر چاودێریدا بوون یان ساڵانێک لەتەمەنیان تەنیا لەبەر دیفاع لە مافی خۆیان و هاوچارەنووسەکانیان و هەوڵدان لەپێناوی ڕێکخستنی کرێکاراندا، لەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و لەژێر ئەشکەنجەدا بەسەر بردوە. ئیبراهیم مەدەدی نایب ڕەیسی سەندیکای شیرکەتی واحید کە بە بێ کەڵکوەرگرتن لە مەرەخەسی، زیاتر لە سێ ساڵ لەزینداندا بوو، ڕۆژی چوارشەممە ٩ی مانگی خەزەڵوەر بەشێوەی کاتی لەزیندان ئازاد کرا و تەنیا دوای ٦ ڕۆژ ئازاد بوون، سەرلەنوێ گەڕاندیانەوە بۆ زیندان. لەو کاتە بەملاوە تەنانەت ئیزنی پێنەدراوە لە ناشتنی براکەشیدا کە بە تازەیی فەوتی کرد، بەشداری بکات. ڕەزا شەهابی لەگەڵ ئەوەی بەدەست چەندین نەخۆشی دژوار و ئاسەوارەکانی مانگێک مانگرتن لەخواردن و زیاتر لە ٢٠ مانگ مانەوە لەزیندا دەست و پەنجە نەرم دەکات، هەروا لە چاوەڕوانیدا بەسەر دەبات. کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵ دەدات بە زیندانی کردنی ڕێبەران و هەڵسوڕوانی ناسراو و خاوەن نفوزی بزووتنەوەی کرێکاری، باقی هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی چینی کرێکاری ئێران چاوترسێن بکات. ڕژیم لەترسی حوزوری ڕێبەرانی کرێکاری لەنێو کرێکاراندا، بەردەوام هەوڵدەدات ژمارەیەک لەوان بە بارمتە بگرێت.

ڕاستیەکەی ئەوەیەکە بەکارهێنانی گوشار لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دژ بە ڕێبەرانی کرێکاری و لەبەرچاو نەگرتنی گوشارە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکان سەبارەت بە ئازاد کردنیان، سیاسەتێکی ئاگاهانە و بەرنامەبۆداڕێژراوە کە لە باڵاترین ئاستی ڕژیمدا لەبارەیەوە قسەوباس کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە. گوشار خستنەسەر هەڵسوڕاوانی کرێکاری، پەیامی دەوڵەت و سەرمایەدارانی ئێرانە بۆ گشت ڕێبەرانی کرێکاری و سەرتاپای بزووتنەوەکەی. ڕژیم بەباشی زانیویەتی کە لەناخی ئەم قەیرانە سیاسی و ئابووری و حکومەتیەی ئێستادا، چ مەترسیەک و لە لایەن کام بەشی کۆمەڵگاوە هەڕەشە لە سەرمایەداری و ڕژیمی پالپشتی دەکات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێی غەریزە چینایەتیەکەی هەستی بەوە کردووە کە دەبێ لەبەرانبەر هەر هەوڵێکدا کە لە لایەن کرێکارانەوە دەدرێت، دژایەتی بکات و نارەزایەتی کرێکاران سەرکوت و ڕێبەرانیان زیندانی بکات. بەڵام ئەزموونی سەرکەوتوانەی خەباتی کرێکاری و لەوانە ئەزموونی کرێکارانی پترۆشیمی تەورێز و ماهشەهر، نیشانیدا کە کۆماری ئیسلامی بە گشت سەرسەختیەکانیەوە لەبەرانبەر کرێکاراندا، لەو جێگایەی بە خەباتی یەکگرتوانەی کرێکاران بەرژەوەندییە ئابووریەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە مل کەچ دەکات و لە بەرانبەر داخوازی کریکاراندا تەسلیم دەبێت.بەرین بوونەوەی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆردا بەتایبەتی مانگرتن لە ناوەندە گرینگەکانی کار و بەرهەم هێنان، بۆ کۆماری ئیسلامی گەلێک تاقەت پڕوکێنە و تەنیا لە ڕێگای دەستپێک و درێژەدان بەم خەباتەیە، کە دەکرێ پاشەکشە بەم ڕژیمەی پارێزەری سەرمایە لەدەست درێژی کردنەسەر ئاستی بەڕێچوون و ژیان و گیانی کرێکاران بکرێت.

***



# پیلانی هاوبەشی کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ دیپۆڕت و ناردنەوەی پەنابەرە ئەفغانیەکان



هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی مۆڵەتێکی سێ مانگەی بۆ ٩٠٠ هەزار پەنابەری ئەفغانی دیاری کردوە تا لەو ماوەیەدا خاکی ئێران بەجێبهێڵن. هاوکات لە لایەن کۆمیسارییای باڵای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیشەوە بۆ کاروباری کۆچبەران، ڕاگەیەندراوە کە بە هەر یەک لەو پەنابەرانەی کە دڵخوازانە ئێران جێبهێڵن، ١٥٠ دۆلار دەدات و دەشیانگەیەنێتە سەرسنوور. ئەمە یەکەمین جار نییە کە کۆماری ئیسلامی و کۆمیسارییای باڵای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری کۆچبەران، لە هەنگاوێکی هاوبەش و دژی ئینسانی دا کۆچبەرانی ئەفغانی دەخەنە ژێر گوشارەوە تا ئەو شوێنەی تەمەنێک کاریان تێدا کردوە و بەکەمترین حەق و حەقوق سەروەتێکیان پێکەوە ناوە، جێبهێڵن. وەها هەڵسوکەوتێک لەلایەن ڕژیمی ئێران و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، ئەم ڕاستیە تاڵ و دەردناکە دەردەخات کە هەم حکومەتی ئێران و هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەکردەوە دەیانەوێ هۆویەت و ناسنامەی کۆمەڵایەتی جەماوەرێکی بەرین لە کرێکاران کە ساڵانێک لەم وڵاتەدا ژیاون و کاریان تێدا کردووە تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناسنامەکەیان ئێرانی نییە، پشت گوێ بخەن و هیچ مافێکی شارۆمەندیان بۆ قایل نەبن و بیانگێڕنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون، کە ئێستاش ئاگری شەڕی ناوخۆ تێیدا بڵێسە دەستێنێ. پەنابەرانی ئەفغانی لەهەر بارودۆخێکدابن، سەڵتبن یان خاوەنی هاوسەر و منداڵ، بەشێک لە دانیشتوان و شارۆمەندانی ئێرانن، کە نە کۆماری ئیسلامی و نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان مافی لێسەندنەوەی ئیجازەی کار و ژیانییان لەوان نییە و دەبێ لە هەموو مافێکی شارۆمەندی بەهرەمەند بن.

کێ دەتوانێ دەور و نەخشی ئەم جەماوەرە بەرینە لە کرێکارانی ئازار دیتوو کە بە کەمترین حەقدەست، دەچنە ژێر باری دژوارترین و مەترسیدارترین کارەکانەوە، لەبەرچاو نەگرێ؟ کێ دەتوانێ دان بەوەدا نەنێت کە ئەمان لەهەر کرێکارێکی دیکە زیاتر لەلایەن سەمایەدار و خاوەنکارەوە دەچەوسێنەوە؟ سەمایەداران و خاوەنکاران قازانج پەرستانە و چاوچنۆکانە بەدانی کەمترین حەقدەست زۆرترین گوشاری کارییان بەسەردا سەپاندوون و هیچ کاتێکیش پێبەندی قەول و قەرار و ئەو قەراردادانە نەبوون کە لەسەری ڕێککەوتوون و بێشەرمانە مافەکانیان پێشێل کردووە. زۆربەی کۆچبەرانی ئەفغانی کە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەیانهەوێ تەمەنێک کارکردنیان بە نرخی ١٥٠ دۆلار لێبکڕن و ڕەوانەی سەر سنووریان بکەن، کەسانێکن کە خاوەنی هاوسەر و منداڵن، مناڵەکانیان لەم وڵاتەدا لەدایک بوون. جێگای داخە کە زۆربەی مناڵانی ئەم خەڵکە بەش مەینەتە بەتاوانی ئەوەی کە باوکیان خاوەنی ناسنامەی ئێرانی نییە، تەنانەت لە چوون بۆ قوتابخانەش بێبەش کراون. کۆماری ئیسلامی ئەوکاتەی کە پێویستی بە هێزی کاری هەرزانی ئەوان بوو وە ئەو کاتەی کە کوورەی شەڕی ئێران و عێراق گەرم بوو وە پێویستی بە گۆشتی دەمی تۆپ هەبوو، بێ سنور دەستە دەستە لەم کرێکارانەشی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرد و گەلێکیشیان بوونە قوربانی. هەر ئەم ڕژیمەی وا ئەمڕۆ گیرۆدەی قەیرانێکی قووڵە و زۆربەی ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنانی داخراون و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بێکارانی دەچێتە سەرەوە، دەیهەوێ بە کرێکارانی بێکار بڵێت کە هۆکاری بێکاری ئەوان بوونی کرێکارانی ئەفغانییە، تا بەم شێوەیە لەتمە لە هاوپشتی چینایەتی کرێکاران بدات و تۆوی قین و بێزاری لە نێوان ئەواندا بچێنێ. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو کرێکارانەی قەرارە ببنە قوربانی پیلانێکی هاوبەشی کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و بنێردرێنەوە بۆ وڵاتەکەیان، بەشێک لە چینی کرێکاری ئێران پێکدێنن و پێویستە وەک هاوڵاتی ئەم کۆمەلگایە چاویان لێبکرێ و نەک هەر نابێت بە هیچ بیانوو و پاساوێک مافەکانیان پێشێل بکرێت، بەڵکو دەبێ لە گشت مافێکی شارۆمەندی بەهرەمەند بن. ئەمە ئەرک و بەرپرسایەتی جەماوەری کرێکاران و هاوچینەکانیانە کە بە دیفاع لە مافی شارۆمەندی ئەم بەشە لە کرێکاران کە لە ڕاستیدا دیفاع لە مافی کرێکاریی خۆشیانە، بەر بە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە دژی ئینسانیە بگرن. هیچ کەس وەک ئەم ئینسانە زۆرلێکراوانە نازانێ کە بەبێ ناسنامە ژیان و بە شاراوەیی ژیان بردنەسەر، تاچ ڕادیەک پڕ ئازار و ئاویتە بە سووکایەتییە. ئازاری ئەم بێ ناسنامەییە، ئەوکاتە قورسترە کە دەبینن مناڵەکانیشیان قەت ئەفغانستانیان نەدیوە و لە ئێران هاتوونەتە دنیاوە، ناسنامەیان نییە و تەنانەت ناشچنە قوتابخانە و هیچ چەشنە خزمەتگوزاری و پاڵپشتییەکی کۆمەڵایەتیش نایانگرێتنەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، داماو و بێ دەسەڵات لە وڵامدانەوە بە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی ئێران، بەردەوام کۆچبەرانی ئەفغانی بە سەبەبکار و سەرچاوەی بیکاری، خەتا و گیر و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و بە هۆکاری نەخۆشی و تاوانی دیکە بە کۆمەڵگا ناساندوە و مەیدانی بە بیروڕای دواکەوتوانەی ناسیۆناڵیستی و شێوە فاشیستی داوە تا لە دژی پەنابەرانی ئەفغانی پڕوپاگەندەی ژاراوی بکەن. کۆماری ئیسلامی ئەوکاتەی کە پێویستی بە هێزی کاری هەرزانی ئەوان بوو وە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕدا وەک گۆشتی دەمی تۆپ کەڵکی لێوەردەگرتن، چاوپۆشی لە بوون و حزوریان لە ئێران دەکرد. بەڵام ئێستا کە لە قەیرانێکی قووڵدا چەقیوە و وڵامێکی بۆ سەرتایی ترین داواکاریەکانی خەڵک پێنیە، قامکی ئاماژەیان بۆ درێژدەکات و بە شێوەی جۆراو جۆر دەڵێت ئەوان نانی کرێکاری بێکار و برسی ئێرانیان ڕفاندوە و دەیهەوێ خەڵک هانبدات و بەگژ ئەم ئینسانە زەحمەتکێش و شەریفانەیاندا بکات.

کردەوەی هاوبەشی کۆماری ئیسلامی و کۆمیسارییای باڵای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، دژبە پەنابەرانی ئەفغانی کردەوەیەکی نا ئینسانییە. ئەم پیلانە دژی ئینسانییە تەنیا بە هێزی یەکگرتووانە و هاوپشتی خەباتکارانەی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی ئێران و پەنابەرانی ئەفغانی دەکرێ پووچەڵ بکرێتەوە و شکست بێنێ.

کرێکارانی کۆمۆنیست لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا کە بۆ دیفاع لە کۆچبەرانی ئەفغانی دەینین و هەر گەلاڵەیەک لەم بوارەدا دەخەنە دەستوری کارەوە، پێویستە بەهاوچینەکانیان بڵێن کە داکۆکی لەم بەشە لە کرێکاران، داکۆکی لە گشت چینی کرێکارە.

***

# توند بوونەوەی کەش و هەوای پۆلیسی و گرتن و زیندانی کردن لە ئاستێکی بەرین لە شاری مهاباد و باقی ناوچە کورد نشینەکان



کۆماری ئیسلامی بە خوڵقاندنی کەش و هەوای پۆلیسی و دەستبەسەر و زیندانی کردن لە ئاستێکی بەرین لە ناوچە کورد نشینەکان بە تایبەتی لە شاری مهاباددا، گوشاری بۆسەر خەڵکی کوردستان بە مەبەستی چاوترسێن کردنیان توندتر کردۆتەوە. ئەم کردەوەیەی ڕژیم ، کاردانەوەی ترس و نیگەرانی ئەوە لەوەی کە لە کاتێکدا کە لە شانۆگەری هەڵبژاردنی مەجلیسی ئیسلامی نزیک دەبینەوە، حەرەکەتێکی نارەزایەتی جەماوەری بکەوێتە ڕێ. بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو بوونەتەوە، مەئمورانی نیزامی و ئەمنیەتی ڕژیم، لە ماوەی دوو حەوتوی ڕابردوودا، تەنیا لە شاری مهاباد ٤٥ کەسیان دەستبەسەر و رەوانەی زیندان کردووە. بە وتەی ئەندامانی بنەماڵەی گیراوەکان، ژمارەیەک لە دەستگیر کراوەکان پاش لێپرسینەوە سەرەتاییەکان بردوویانن بۆ زیندانی ناوەندی ئەو شارە، بەڵام کەس نازانێ هەموو دەستبەسەر کراوەکان لە کوێ ڕاگیراون و ڕاشنەگەیەندراوە ئەو تاوانانەی خراوەتە پاڵیان چیین؟ بە پێی هەر ئەم راپۆڕتانە، مەئمورانی ڕژیم لە هێرش کردنەسەر ماڵی دووبرا بە ناوەکانی:"محەممەد و ئەنوەر ئیزەددووست"، دانیشتووی ئاوایی خورخورەی ناوچەی شارویرانی مهاباد، ئەوانیان دەستبەسەر و رەوانەی زیندان کردوون. لەم هێرشەی مەئمورانی ڕژیمدا تەنانەت دەفتەرچەی بانکی ئەنوەر و کامپیوتێر و باقی کەرەسە شەخسیەکانی ئەویان کۆکردۆتەوە و لەگەڵ خۆیان بردویانە. تا ئێستاش زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووسی ئەو دوو برایە لەبەر دەستدا نییە. ڕژیم هاوکات لەگەڵ گرتنی بە کۆمەڵ لەم ڕۆژانەدا لە شاری مهاباد، ڕۆژی سێ شەممە ١٣ ی بەفرانبار هێرشی کردۆتە سەر کۆبوونەوەی خەڵکێک کە لە نارەزایەتی بەرانبەر بە کوشتاری کاسبکارانی کوردستانی تورکیە لە بەردەم کونسولگەری ئەم وڵاتە لە شاری ورمێ کۆببوونەوە، و زیاتر لە ٦٠ کەسی لە بەشدارانی ئەم کۆبوونەوە نارەزایەتی دەربڕینە دەستبەسەر کردووە. کۆماری ئیسلامی کە شەپۆلێک لە ترس و خەفەقانی پۆلیسی لە ئاستێکی بەریندا لە هەموو وڵاتدا خستووەتە ڕێ و دەستدرێژی و بەزاندنی سنووری مافە سەرەتاییەکان و سنوری ژیانی تایبەتی ئینسانەکانی کردووەتە دیاردەیەکی باو، تەنانەت نارەزایەتی دایکانی جەرگ سووتاو ناسراو بە "دایکانی پارکی لالە"ی تارانیشی بۆ تەحەمول ناکرێ و ئەوانیش بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین و خەباتی شێلگیرانەیان دەستبەسەر و زیندانی دەکات. ئەمڕۆکە بچووکترین شاری ئەم وڵاتەش نییە کە خاوەنی زیندان و گرتووخانەی ئاشکرا و شاراوە نەبێ. لەم نێوانەدا لە کوردستان بەردەوام بە بیانوی جۆراو جۆرەوە کەش و هەوای ترس و خەفەقانی زیاتر بەسەر خەڵکدا دەسەپێ. بەردەوام خەڵك دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکرێن و ئێستاش کە ئێستایە کوردستان بەتەواوی میلیتاریزەیە و شار و کۆڵان و شەقامەکانی پڕن لە پاسدار و بەسیجی و هێزی لیباس شەخسی. ئەم ڕژیمە کە مانەوەی خۆی لە گرەوی توندکردنەوەی کەش و هەوای ترساندن و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا و گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجە و ئێعدام دا دەبینێ، ناتوانێ خەیاڵی سەبارەت بە خەڵکی ناڕازی و خەباتگێڕی کوردستان کە چەندینجار لە ڕێگای نارەزایەتی دەربڕینی یەکپارچەیانەوە و دووجار بە مانگرتنی گشتی و سەراسەری خۆیان بە ڕژیمیان نیشان داوە کە تا چ ئاستێک لێی بێزارن، ئاسوودە بێت و دەست لە ئازاریان هەڵبگرێ؛ بە پێوستی دەزانێ بەهەر بیانویەکەوە بێت کەش و هەوای شارەکان ئەمنیەتیتر بکاتەوە. دەبێ بەهەر بیانویەك بووە هێرش بەرێتە سەر ماڵ و ژیانی تایبەتی خەڵک و تەنانەت کەرەسە شەخسیەکانیشیان تاڵان بکات، پێویستە بەهەر بیانوویەکەوە بووە سێبەری ترس و دڵەڕاوکێ بەسەر شار و دێهاتەکانی کوردستاندا بکێشێت. بیانوی دەستبەسەر کردنی بەکۆمەڵی ئەم دواییانە لە شاری مهاباد وەکوو هەمیشە بێ بنەمایە و پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافی هاوڵاتیانی کوردستانە، کە تا ئێستا بەسەدان لاویان پێ دەستبەسەر و زیندانی کردووە. کۆماری ئیسلامی بەهەر تاوانێک ئەم ژمارە بەرینە لە هاوڵاتیانی مهاباد و ورمێ و باقی شارەکانی دیکەی کوردستان لە زینداندا ڕابگرێ و بەهەر پەروەندە سازیەکەوە ڕەوانەی بێدادگاکانی بکات، نە تەنیا رق و تووڕەیی پنگ خواردووی سی و چەند ساڵە خەڵک دانامرکێنێتەوە، بەڵکوو زیاتر دەیوروژێنێ و زەمینە و ورەی نارەزایەتی دەربڕینیان تێدا بەهێزتر دەکات و لە هەمان کاتدا هاودەردی و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی سەرتاسەری ئێرانیشی بە دواوە دەبێت. ئەم ڕژیمە کە لە هەموو بووارەکانی سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسی دا تووشی شکست بووە و وڵامێکیشی بۆ سەرەتایی ترین داواکاریەکانی جەماوەری خەڵکی لە سەرتاسەری ئێران پێ نییە و هیچ هیوایەکیشی بەوە نییە کە خەڵکی کوردستان لە شانۆگەری گاڵتەجاڕانەی هەڵبژانەکەیدا بەشداری بکەن و ئەو نیگەرانیەشی هەیە کە بەساتی ئەم گاڵتەجاڕیەشی بەسەردا وێران بکەن، پێی وایە بە هەرچی زیاتر ئەمنیەتی کردنەوەی کەش و هەوای کوردستان و بەم جۆرە گرتن و زیندانی کردنانە دەتوانێ جەماوەری خەڵك بترسێنێ. ئەم ڕژیمە ئەبووایە تا ئێستا لێی حاڵی بوایە کە بەهەر ڕادیەک گوشار بۆسەر ئەم خەڵکە زیاتر بکات، عەزمی ئەوان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خۆیدا جەزمتر دەکات و ڕۆژی مەرگی نزیکتر دەکاتەوە. کوردستان بەردەوام سەنگەری خۆڕاگری دژبە سەرتاپای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بووە. بێ گومان لەگەڵ یەکەمین ئاخێزی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، کوردستان دەبێتە سەنگەری درێژەدان بە شۆڕش تا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی. کاربەدەستانی حکومەتی ئێران پێویستە بزانن کە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە ئاسانی لە تاوانی سی و چەند ساڵە و لە جەنایەتەکانیان خۆش نابن.

***

# کار، یان بیمەی بێکاری کافی

ماوەیەکە حکومەتی کۆماری ئیسلامی هێرش بۆسەر هەلومەرجی کاریی و ئاستی ژیان و بەڕێچوونی چینی کرێکاری توندتر کردۆتەوە. توندتر بوونەوەی ئەم هێرشە هاوکاتە لەگەڵ بەرین بوونەوەی گرتن و زیاد کردنی گوشاری سیاسی بۆسەر هەڵسوڕاوانی کرێکاری. یەکێك لەو نمونانەی توندتر کردنەوەی گوشاری ئابووری بۆسەر کرێکاران پەسەندکردنی قانوونی نوێی بیمەی بێکارییە کە بەتەواوی لە بەرژەوەندی خاوەنکار و دەوڵەت دایە و بە ڕوونی دژ بە بەرژەوەندی کرێکاران ئامادە کراوە. ئەم یاسایە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی سەرمایەدارەوە گەڵاڵە و ئامادەکراوە و لە یەک بە یەکی بەندەکانی دا ئیشتیهای قازاج پەرەستانە و چاوچنۆکی سەرمایەداران شەپۆل دەدات. لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵدا مەجلیسی ئیسلامی یاسای نوێی بیمەی بێکاری پەسەند کرد و دوای ڕازی بوونی شوڕای نیگابان لەسەری، بۆ بەکردەوە دەرهاتن بۆ دەوڵەت بەرێکرا. ئەم قانوونە دژی کرێکارییە لە سەرەتای مانگی بەفرانبارەوە لە هەلومەرجێکدا بە کردەوە دەردێت کە تا ئێستاش سەبارەت بە سەرچاوەی دابین کردنی بوودجەکەی لەنێوان کابینەی دەوڵەت و پارڵماندا کێشە و ناکۆکی هەیە. دەوڵەت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێویستە سازمانی دابین کردنی کۆمەڵایەتی بوودجەی بیمەی بێکاری دابین بکات و مەجلیسیش دەڵێت بوودجەی بەکردەوە دەرهێنانی ئەم یاسایە دەبێ لە خەزێنەی دەوڵەت دابین بکرێت. ئەمە تەنیا ناکۆکییەکە کە لەم پەیوەندیەدا لە نێوان خزمەتگوزارانی سەرمایە لەئێران سەری هەڵداوە. ئەم ناکۆکیەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەت لەدرێژەی هەوڵەکانی چەندین ساڵەی خۆیدا دەیهەوێت دارایی و سەرچاوە ماڵیەکانی سازمانی دابین کردنی کۆمەڵایەتی بێنێتە ژێر چنگی خۆیەوە، سەروەتێک کە بەتەواوی کرێکاران خاوەنین.




ئەگەر ئەم کارە بەکردەوە دەربێت دەوڵەت لە دانەوەی ٣٠ هەزار میلیارد تمەن قەرز بە سندوقی دابین کردنی کۆمەڵایەتی دەبەخشرێت. بێجگە لەمە ناکۆکیەکی دیکە سەبارەت بە ماددەکانی ئەم یاسایە لە نێوان مەجلیس و دەوڵەتدا نییە. ڕوونتر بڵێین لەبەر ئەوەی کە سەپاندنی ئەم یاسایە بەسەر کرێکاراندا بابەتێکی چینایەتی دەوڵەت و بۆرژوازی ئێرانە و لە ڕاستای سیاسەتە نیئۆلیبراڵیەکانی بانکی جیهانی دایە. سەرەڕای هەندێک ناکۆکی بە خێراییەکی کەم وێنە و تەنیا بە ٣ دەنگی نەیار و ٢ دەنگی بێلایەن لە پارلماندا پەسەند کرا. بە پێی ئەم یاسایە بیمەی بێکاری نەک وەک مافێک، بەڵکو وەک "یارمەتییەکی کۆمەڵایەتی" بەڕەسمی ناسراوە./

ئەم یاسایە لە ١٨ لاپەڕەدا، بە ٣٦ ماددە و ژمارەیەک تەبسەرەوە ئامادە کراوە. ئەم یاسایە مەرجی وەرگرتنی بیمەی بێکاری بە بوونی قەرارداد و هەندێک بابەتی دیکەوە گرێ دەدات کە کرێکارانی قەراردادی کاتی ژێر ٣ ساڵ، سپی ئیمزا و قەراردادی شەفاهی ناگرێتەوە. لە ڕوانگەی ئەم یاسایەوە بێکاری خوازیاری کار، پیاوێکە کە بە تەمەنی ٢٥ ساڵ گەیشتووە یان ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە، کە ڕاستەوخۆ بەرپرسی بنەماڵەن یان بنەماڵەیەك کە سەرپەرستێکی باشی نییە و هیچ سەنعەت و پیشەیەک نازانێ، کە ئەوەش دەبێ لەلایەن ڕێکخراوی ئاموزشی فەننیی و حیرفەییەوە تەئید کرابێت. پێویستە ئەوان لەناوەندی دۆزینەوەی کاری دەوڵەتی، دیاریکراو لەلایەن وەزارەتی کاەروە، ناو نووسیان کردبیت و لانی کەم بۆ ماوەی ساڵێک بەشوێن کارەکەیانەوە بوو بێتن. ئەگەر ئەوان لە پێشتردا کاریان بووبێت دەبێ حەقی بیمەکەیان و بەشی خاوەنکار بەرێک و پێکی و بۆ ماوەی ٦ مانگ گەیشتبێتە ئیدارەی بیمە. بەڵام دانی حەقی بیمە یان پێشینەی کاریی بۆ کەسانێک کە تازە بەشوێن کاردا دەگەڕێن ئیلزامی نییە. کرێکارانی پەنابەر لە ئێران، لەوانە پەنابەرانی ئەفغانی بێکار و بەڕەسمی ناو نووس کراو، بە گشتی لە وەرگرتنی بێمەی بێکاری بێبەشن./ بەپێی ئەم یاسایە بە کەسانی بێکار کە یاسا دەیانگرێتەوە، ٥٠ لەسەدی لانی کەمی حەقدەست و کەسانێک کە لەپێشدا کاریان بووە و ئێستا بێکار کراون، ٥٥ لەسەدی متەوەستی حەقدەستی ٣ مانگەی ئاخری ماوەی کارییان دەدرێتێ. حەقدەستی پەرداخت کراو دەکرێ کەمتر لە لانی کەمی حەقدەست بێت. لانی زۆری دانی بیمەی بێکاری بۆ کەسانی سەڵت لە نێوان ٦ بۆ ٣٨ مانگ و بۆ کەسانی خاوەن هاوسەر و منداڵ بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی ئەو بیمەیەی پێی دراوە لەنێوان ١٢ بۆ ٥٠ مانگدا دەبیت. قانوونی بیمەی بێکاری کە پەیوەندی کاریی نێوان دەوڵەت و خاوەنکاران لە لایەکەوە و کرێکارانی بێکار لە لایەکی دیکەوە ڕێکدەخات، کەمتر لەلایەن کرێکاران و تەنانەت هەڵسوڕاوانی کرێکاریشەوە سەرنجی دراوەتێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەم یاسایە بەشێکی زۆر کەمی کرێکارانی بێکار دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٨٥ لە زیاتر لە ٤ ملیۆن کرێکاری بێکار کە لە ئێراندا هەبوون، بەوتەی وەزیری کاری ئەوکات تەنیا ٥٠ هەزار کەس بیمەی بێکارییان وەردەگرت. ئەمە لەحالێکدایە کە لەو ساڵەدا یاسای بێمەی بێکاری پەسەند کراوی ساڵی ١٣٦٩ پەیوەندیەکانی کرێکاران و خاوەنکاری ڕێکدەخست وە کرێکارانی لەسەرکار و بێکار خاوەنی قەراردادی جێ متمانەتر بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆدا بوون. لە حاڵی حازردا و لە ئاکامی گوشارە یەک لەدوای یەکەکانی دەوڵەت و خاوەنکاران زیاتر قەراردادی شەفاهی، سپی ئیمزا و قەراردادی کاتی ژێر ٣ مانگ لە نێوان کرێکاران و خاوەنکاراندا بۆتە باو و ڕەواجی پێدراوە. هەر بەو هۆیەوە ئەوانەی یاسای نوێ دەیانگرێتەوە هەرچی زیاتر کەم و کەمتر بوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئەم یاسا نوێیە لە یاسا دژی کرێکاریەکەی ساڵی ١٣٦٩ دژی کرێکاری ترە. لە پاڵ ئەمانەشدا دەبێ بزانین کە لە کۆماری ئیسلامیدا کەسێک کە ڕۆژێک لە حەوتودا و یان بە وتەی بەشێک لە سەرانی ڕژیم دوو کاتژمێر لە حەوتودا کەر بکات وەک بێکار چاوی لێناکرێ و لە مافی بیمەی بێکاری بەهرەمەند نابێت.

سەرەڕای ئەم ڕاستیە پێویستە کرێکاران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری سەرنج و وشیاری تەواو سەبارەت بە یاسای بیمەی بێکاری و خەبات لە دژی ئەم یاسا نوێیە لەبەرچاو بگرن. لە ڕاستیدا پەسە ند کرانی ئەم جۆرە یاسایانە بۆ کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا بە مەبەستی بەدەست هێنانی ئیمتیازی سیاسی ئەنجام دەدرێت تا ئەوەی بیهەوێ گوشایشێکی هەرچەند بچووکیش لە ژیانی کرێکاندا بەدی بێنێت. ئەم ڕژیمە بەم کارانەی بە سندوقی نێونەتەوەیی پۆڵ و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان نیشان ئەدات کە لە کێشمەکێشی نێوان کار و سەرمایەدا قایمتر لەهەر دەوڵەتێکی موحافزەکاری دیکە لایەنی سەرمایەداران و ناوەندەکانی سەر بەوانی لەبەرچاو گرتوە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەت بە خۆدزینەوە لە دانی هەرئەو بوودجە کەمەی کە بۆ بەکردەوە دەرهێنانی یاسای نوێ تەرخانکراوە کرێکارانی بێکاری خستووەتە ژێر گوشارێکی هەرچی زیاترەوە.

خەبات دژی یاسای نوێی بیمەی بێکاری و هەوڵ بۆ سەپاندنی بیمەی بێکاری کافی تا وەدەست خستنی کارێک لە لایەن کرێکارانی بێکارەوە دەتوانێ بەشێکی گرینگی خەباتی چینی کرێکاری ئێران دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بێت کە لە ناوەوە و لە دەرەوە کەوتۆتە بەر گوشار. ئەم ڕژیمە بەهۆی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووریە بەرینانەی داوێنگیریەتی لەبەرانبەر خەباتی یەکگرتوانە و سەراسەری کرێکاراندا گەڵیک کز و لاوازە. پێویستە هەوڵ بدرێت بە ڕێکخستن و یەکێتی و یەکپارچە کردنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و پەرەپێدانی ئاسۆی سۆسیالیستی بەسەر ئەم خەباتەدا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچی زیاتر بخرێتە ژێر گوشارەوە..

***

# کارنامەی نۆ مانگەی مافیای مادە هۆشبەرەکان لە ئێران

بەپێی ڕاپۆرت و گوزارشی هەواڵنێریەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی، دوایین بەدوادا چوونە ئاماریەکانی پۆلیس دەری دەخات کە لە ماوەی نۆ مانگەی یەکەمی ئەم ساڵدا، دەست بەسەر ٣٣٠ تۆن ماددەی موخەدردا گیراوە. شک لەوەدا نییە کە بەسەدان بەرانبەر زیاتر لەم بڕەی دەستی بەسەردا گیراوە بەبێ ئەوەی" بدۆزریتەوە"، سەحیح و سالم دەگاتە مەقسەد، دەفرۆشرێ و نەقدیش دەکرێتەوە. ئەگەر چاوپۆشی لەو بڕەی دۆزراوەتەوە و دەستی بەسەردا گیراوە بکەین و بتوانین بزانین ئاماری ئەو ڕێژەیەی نەدۆزراوەتەوە و گەیشتۆتە دەست لاوانی ئەم وڵاتە چەندەیە، ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێ کە لەهەر کاتژمێر و لەهەر ڕۆژێکدا چ ڕاددەیەک لەم مادده ماڵوێرانکەرە لە دەستاودەست پێکردندایە و بەچ شێوەیەک لەگەڵ هەر گرەمێکی دا، سەرەتای لەدەست چوونی ژیانی لاوێک دەست پی دەکات.

سەردار "موئەییدی"، بەرپرسی پۆلیسی بەربەرەکانێ لە دژی مادده هۆشبەرەکان" بە هەواڵنێری "مێهری" وتوە کە: ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا ١٠ لەسەد بەرز بۆتەوە. بەرپرسی پۆلیسی مۆبارزە لە دژی مادده هۆشبەرەکان ئاماژەیەکیشی بە چوونە سەرەوەی ١٥ لەسەدی گیرۆدەبوان و قاچاغچیانی مادده هۆشبەرەکان کردوە و وتوویەتی:" پۆلیس لەهەر کاتژمێرێکدا نزیک بە ٣٠ قاچاغچی و گیرۆدەبوو شناسایی دەکات و دەگرێ وە بەو شێوەیە لە ماوەی نۆ مانگی سەرەتای ئەمساڵیشدا ٢٠١ هەزار و پێنجسەد کەس لە پەیوەند لەگەڵ مادده هۆشبەرەکاندا لەلایەن پۆلیسەوە شناسایی کراون و گیراون." ئەو



هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەم بارەیەوە نادات کە لەم دووسەد و چەند هەزار گیراوە، چەند کەسیان هەڵگرتنی ١٠٠ و ٢٠٠ و ٥٠٠ کیلۆگرەمییان لە پەروەندەدا هەیە و تائێستا چەند کەسیان لەوانەی بە تۆن ماددەی هۆشبەر لەنێو وڵات دا ئەمبار و ئەوبار دەکەن و بەرەو دەرەوەی وڵات ترانزیتی دەکەن، لە زینداندا بەسەردەبەن یان ئێعدام کراون. بێگومان لە زەینی هەر کەسێکدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە "ئەم هەموو مادده هۆشبەرە لەلایەن چ کسانێکەوە بەبێ ترس و بە خەیاڵی ئاسودەوە دەگوازرێنەوە کە تەنیا ڕێژەی دۆزراوە و دەست بەسەراگیراوەکەی، دەگاتە ٣٣٠ تۆن؟ ئەمانە کێن لە دۆخێکدا کە ڕۆژانە بەچاوی خۆیان تەنافی دار بەملی تاوانبارانی کڕین و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکانەوە لەبەردەم خەڵکدا دەبینن، بەڵام بێباکانە و بێ گوێدانە ناکامی کارەکەیان، بە خەروار ئەفیونی مەرگ ئەم لاو ئەولاو پێ دەکەن؟ هەڵبەت خەڵک وڵامیان بۆی هەیە و دەزانن کە ئەم ڕێژە لە مادە هۆشبەرەکان لە پاشنەی کەوشی کەسدا نەشاردراوەتەوە و دیارە بە ڕۆژی ڕۆشن و لەژێر چەتری ماشێنی تایبەتی دا ئیسکۆرت کراون و حەتمەن پاساوی شەرعی و ئیجازەی حکومەتیشیان بووە و گومانی تێدانیە کە خودی ڕێکخەرانی ئەم کاروانانە، سەرێکیان بە ئورگانە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی وڵاتەوە بەندە. سەیر ئەوەیە کە فەرماندەی هێزی ئینتیزامی بە خوشحاڵیەوە باس لە چوونەسەرەوەی بەرچاوی ڕێژەی دۆزراوە و دەستبەسەراگیراوی مادە هۆشبەرەکان لەچاو ساڵی رابردوو دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بەو ڕێژەیە ناکات کە قەت نەدۆزراوەتەوە. ئەو ناڵێت کە ئەو کەسانەی کە زیرەکتر لە هێزە ئینتیزامییەکانی ڕژیم و لەژێر چاودێری بەردەوامی "چاوە وردبینەکانی هێزی وشیاری ئینتیزامی" و سەگە تەربیەت کراوەکانی دا، بە دەیان تۆن مادەی هۆشبەر بە بێ ئەوەی بدۆزرێتەوە بە نێو وڵاتدا دەست بەدەست دەکەن و تەنانەت لە دیوارە چیمەنتۆکراوەکانی زیندانیش دەپەڕێننەوە و دەیگەیەننە یەکبەیەکی سلوولەکان و تەنیا بەشێکی بچووکی لێ "دۆزراوەتەوە"، کێن و چکارەن؟ هەر ئەڵێی پەیوەندی بەوان و بە مەئمورەکانی ژێر فەرمانی ئەوەوە نییە کە باندەسەرەکیەکانی بڵاو کەرەوە و دەست بە دەست گێڕانی ئەم هەموو مادده هۆشبەرە، کێن وا دەتوانن لە ماوەی نۆ مانگدا بەسەدان تۆن ماددەی هۆشبەر دەست بەدەست بکەن. ئاشکرایە کە بەرپرسی پۆلیسی مادە هۆشبەرەکان و بەرپرسانی سەرەوەی سەر ڕێگابە هەر "برادەرێکی قاچاغچی" ناگرن. ئەوان بەباشی فێربوون و دەزانن کە کەی و بەچ مەبەستێک و لەسەر ڕێگای کام دەستە لە قاچاغچییەکان کەمین دابنێن. لە ڕاستیدا مەئموریەتی سەرەکی ئەوان هەر ئەمەیە کە تەنیا بکەونە شوێن قاچاغچیەکی وردەفرۆش و یاخی کە" کار و کاسبیان" لە دەرەوەی بازنەی مافیای سپای پاسداران دایە تا لەکاتی خۆیدا تاوانی سەرکێشیەکانیان، بنێنە نێو دەستیانەوە. ساڵی رابردوو سایتی لەقاوەدەری ویکی لیکس بەڵگەیەکی بڵاو کردەوە کە دەریدەخست سپای پاسدارانی ئێران گەورەترین کڕیاری تریاک و گوڵی خەشخاش لە ئەفغانستانە. ئەم مەوادە بەرە بەرە و بە نرخێکی هەرزان لە نێو لاوانی ئێران دا بڵاو دەکرێتەوە و پاشماوەکەشی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بەرێ دەکرێ بۆ وڵاتانی ئوروپا و تائێستاش چەندین باری ئەم هێزە لە وڵاتی ئازەربایجان دۆزراونەتەوە. هەموو دەزانن کە سەرەداوی ئەو شەبەکەیەی کە بێ ترس دەتوانێ لە کاروباری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکاندا دەوری هەبێت، بە سپا و وەزارەتی ئیتلاعاتەوە بەندە و ئەم سات و سەودا، لە ئاستی سەدان تۆنی دا بەبێ بەشداری ئەوان نامومکینە؛ بەڵام تائێستا هیچ بەرپرسێکی نیزامی سپا و هیچ لێپرسراوێکی ئەمنیەتی ڕژیم، بە تاوانی بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان دەستگیر و زیندانی نەکراوە. پەرەسەندنی مەوادی موخەدێر لە کۆمەڵگادا، نەک هەر بە مەبەستێکی ئابووری لە لایەن ئەم شەبەکەوە بەرێوە دەچێت و یەکێک لە پوڵسازترین مەیدانە تجاری و بازرگانیەکانە بۆیان، بەڵکو مەبەستێکی سیاسیش بۆ تەواویەتی ڕژیم دەپێکی و لە ڕاستای وەها مەبەستێکیش دایە کە لە ساڵی ٢٠١١ دا زیاتر لە ٦٠٠ کەس ئێعدام کراون کە بەشی هەرەزۆریان تاوانەکەیان کڕین و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان بووە. بەڵام ئایا لە نێو ئەوانەدا تەنیا کەسیکی تێدایە لە قاچاغچیانی سەرەکی و یان لە مۆرەکانی سپای پاسداران بێت؟ ئایا ئەوانەی کە ڕۆژانە و بەکۆمەڵ لە زیندانی وەکیل ئابادی مەشهەد هەڵدەواسرێن، هەر ئەوانەن کە بە تۆن مادەی هۆشبەریان گوازتووەتەوە و ترانزیتیان کردوە؟ بەرپرسی پۆلیسی بەربەرەکانێ لە دژی مادە هۆشبەرەکان دەڵێت: لە نۆ مانگی سەرتای ئەمساڵدا، ڕۆژانە بەشێوەی مامناوەند پێنج باند و سەرجەم هەزار و ٦٠٠ باند شناسایی و لە نێو براون. ئایا زۆربەی ئەم باندانە هەر ئەوانە نەبوون کە ڕکەبەری باندە سەرەکیەکان بوون و لە دەرەوەی بازنەی شەبەکەی مافیایی سەربە دامو دەزگا ئیلاعاتی و ئەمنیەتیەکانی وڵات، سەرەڕۆیانە کاریان کردوە؟ کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای هەر فێڵ و کەڵەکێکەوە بیەوێ دەستی جەنایەتکارانەی مۆرەکانی لە تێوەگلان لە جەنایەتی گەورە و ڕێکخستنی بەرهەمهێنان و بڵاو کردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و قوربانی کردنی لاوانی ئەم وڵاتە بشارێتەوە، جەماوەری خەڵک بەبێ هیچ دوودڵییەک خودی کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی ڕژیم بە تاوانباری سەرەکی دەزانن! هەموان دەزانن کە بەرپرسی سەرەکی زۆربەی ئەو باندانەی کە قەت نەکەوتوونەتە داوەوە، دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، نوێنەرانی پارلمان، سەرمایەدارانی بەهێز و فەرماندە نیزامییەکانن و دەبێ ڕۆژێک بە هۆی ئەو نەسڵ کوژییە کردوویانە، بکێشرێنە پای مێزی لێپرسینەوە و سزا بدرێن.

***

# لەبەرانبەر بەرین بوونەوەی ڤیرووسی ئایدز وشیارانە بەربەرکانێ بکەین



ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی لە ئێرانەوە دەگەن، باس لە شەپۆلی سێهەمی بەرین بوونەوەی ئایدز دەکەن. بەپێی ئاخرین ئاماری کۆکراوە لە لایەن زانکۆی علوم پزیشکی و خزمەتگوزاری بێهداشتی و دەرمانییەوە، تا ئێستا ٢٣ هەزار و ٤٩٧ کەسی گیرۆدەبوو بە ویرۆسی HIV ، لە ئێراندا شناسایی کراون و ٤ هەزار و ٤١٩ کەسی دیکەش لە ئاکامی گیرۆدەبوون بەم نەخۆشیە گیانیان لەدەست داوە. هەرچەند ئەم ئامارەش خۆی داچڵەکێنەرە، بەڵام لەوە داچڵەکێنەرتر ئەوەیە کە زۆربەی کارناسانی ئەم بوارە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئاماری ڕاستەقینەی قوربانیانی ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە، لانیکەم دە بەرابەری ئەم ئامارە ڕاگەیندراوەیە. لە بەدواداچوونێکی ئاماریی سەبارەت بە نەخۆشی ئایدز، خاڵێکی جێی سەرنجی دیکە ئەوەیە کە دەریدەخات ڕێژەی گیرۆدەبووان بە نەخۆشی ئایدز لە ئوستانی کوردستان، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر ڕوو لە زیاد بوونە. کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی لە ئوستانی کوردستان، باس لە بوونی نزیک بە ٢ هەزار نەخۆشی تووشبوو بە ئایدز دەکەن. بەوتەی کاربەدەستانی زانکۆی علومی پزیشکی کوردستان، سەرەڕای بوونی ٤٤٠ نەخۆشی شناسایی کراوی گیرۆدەی ئایدز لەم ئۆستانە، پێشبینی کراوە کە نزیکەی ١٥٠٠ کەسی دیکەش لەم پارێزگایەدا گیرۆدەی ئەم نخۆشییە بن. ئەم کاربەدەستانە ئەوەشیان وەبیرهێناوەتەوە کە لە ماوەی چەندساڵی ڕابردوودا ١٤٠ کەس بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە لەشارە جۆراوجۆرەکانی ئۆستانی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و ئەم نەخۆشییە لە دەوروبەری شارەکانی کوردستان بەتایبەتی دێهاتەکانی شاری سنە بە خێراییەکی زۆرەوە لەحاڵی پەرەگرتندایە. کارناسێکی حکومەتی لە کوردستان هۆکاری بەرین بوونەوەی ئەم نەخۆشییەی لە دەوروبەری شاری سنە بەتایبەتی لە دێهاتەکانی ئەم ناوچەیە، گەڕاندەوە بۆ دەست ڕانەگەیشتن بە ئیمکانات و سەرهەڵدانی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوەی کە ئەم کارناسەی حکومەت بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە دەگێڕێتەوە بۆ دەست ڕانەگەیشتن بە ئیمکانات، تەنیا ئاماژەی بە یەکێک لە هۆکارەکان کردووە و تازە هەر ئەم هۆکارە و هۆکارە سەرکییەکانی دیکەی ئەم بابەتە، لە ڕاستیدا لە تێڕوانینی تایبەتی ڕژیم بە کوردستان سەرچاوە دەگرێت. تێڕوانینێك کە هەڵقوڵاوی بوونی ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەڵکی کوردستانە، تێڕوانینێك کە بە بەردەوامی کوردستانی بەناوچەیەکی ئەمنیەتی چاولێ کردووە، ڕوانگەیەک کە ئاگاهانە گشت بوارەکانی گەشە کردن لەڕیشەوە وشک دەکات و پێداگری لەسەر بێ بەش کردنی خەڵکی ئەم ناوچەیە دەکات، و ڕوانگەیەک کە ئاگاهانە کوردستان لە ئیمکاناتی ژیانی باشتر بێبەش دەکات، و کەمترین ڕێژەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، بێهداشتی و ئاموزشیش بەکەم و کورتی بەخەڵکی کوردستان دەدات، بەڵام بەبێ هیچ سڵ کردنەوەیەك سەرتاپای ناوچەکە میلیتاریزە دەکات و دەستودڵبازانەش درگا و دەروازەی شار و دێهاتەکانی ئەم پارێزگایە بۆ هاتنەناوەوەی هەموو جۆرە نەخۆشی و ماددەیەکی هۆشبەر و ئاکامەکانی سەرچاوەگرتوو لێیانەوە کە یەکێکیان نەخۆشی ئایدزە، پشت گوێ دەخات. تا ئەو کاتەی کە ڕژیم بەئاوا ڕوانگەیەکەوە تەماشای کوردستان و خەڵکەکەی دەکات، سروشتییە کە لە شاری سنە و دێهاتەکانی دەوروبەری نەخۆشی ئایدز و هەموو جۆرە نەخۆشیەکی دیکەی واگیردار و پڕمەترسی پەرەبستێنێ. مەگەر هەر یەک حەوتوو لەوە پێش نەبوو کە گوزارشێک بە پێی بەڵگەی باوەڕپێکراو لە تەلەویزیۆنی سنەوە بڵاوکرایەوە و نیشاندرا کە چلۆن زبڵەکانی بیمارستانی ئەو شارە کە کێوێك لە پاشەڕۆکی سورونگی بەکارهاتوو و باقی زبڵەکانی ئەو بیمارستەنە بوو، چلۆن لە دەرەوەی شار لە بەر دەستی خەڵکدا فڕێ درابوو. بەدڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی حکومەتێک کە دڵخۆشییەکیان لە خەڵکی کۆردستان و بەتایبەتی شاری سنە و دێهاتەکانی دەوروبەری نییە، دەبێ شادمان بن بەوەی کە شارێکی وەک سنە بە یەکێک لە شارەکانی گیرۆدەبوو بە نەخۆشی ئایدز بناسێندرێ! بێ گومان ئەمانە خۆشحاڵن لەوەی کە سیاسەتی بەرگرتن لە گەشەسەندنی کوردستان سەرکەوتوو بووە و بە جێگای ئەوە پەرەپێدان و دەستاودەست کردنی ماددە هۆشبەرەکان لەم پارێزگایە و کەمتەرخەمی سەبارەت بە بێهداشت و دەرمانی خەڵک، بۆ کۆماری ئیسلامی بەرهەمی داوە و ئەمڕۆ ڕادەگەیەندرێت کە ئەم ناوچەیە خاوەنی باڵاترین ئاماری گیرۆدەبوون بە نەخۆشی ئایدزە. کاربەدەستانی ئەمڕۆی ئەم ڕژیمە هەر لەو داروەدەستەیەن کە بۆ کوشتن و لەناوبردنی هەست و ورەی خەباتکارانەی لاوانی کوردستان و ژاکاندن و بێ سەمەرکردنیان گەڵاڵەی زۆریان داڕشتووە و هەوڵیاندا وافور بدەنەدەست یەکبەیەکی لاوانی ئەم ناوچەیە. ئەم بەکرێگیراوانە دەبێت ئەمڕۆ شادمان بن بەوەی کە ژمارەیەک لە لاوانی ئەم ناوچەیە گیرۆدەی نەخۆشی مەترسداری ئایدز بوون و لەگەڵ مەرگی پێشوەخت و نابەوەختا دەست و پەنجە نەرم دەکەن. ئەمە ئاواتی لەمێژینەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە کە بەردەوام ئەم ناوچەیە لەحاڵی پووکانەوە، ژاکان، بێحاڵی و خوماریدا ببینن و ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بە بیستنی هەواڵی پەرەگرتنی گیرۆدەبوونی لاوان بە نەخۆشی ئایدز دڵمان دادەخورپێ و کەسەر دادەماندەگرێت، بۆ ڕژیم و کاربەدەستانی، هەواڵێکی شادی بەخشە. ئەم ڕژیمە سەبارەت بەوەی کە لاوانی شاری سنە بەشۆڕ و شەوقی خەباتکارانە و بە ئارمانی پێشڕەو و شۆڕشگێڕانە ئەم ناوچەیان کردۆتە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری لە ئێران بە توندی کەوتۆنەتە ترس و نیگرانیەوە. ئەم ڕژیمە لەوەی کە لاوانی ناوچەکە لە ڕشتە هونەری، زانستی و وەرزشیەکاندا سەرکەوتووبن، نیگەرانە و ئازار دەکێشێ. ئەم ڕژیمە دڵی بەوە خۆشە کە لاوانی کوردستان بە ژاکاوی و چەماوەیی لە گۆشەو کەناری شەقام و نێو کەلاوەکاندا ببینێت. بەڵام هەر ئەم کوردستانەی کە تێیدا ئاماری گیرۆدەبوون بە نەخۆشی ئایدز خێرایی بەخۆیەوە گرتووە، لاوانێکی زۆری تێدایە کە نەتەنیا داوەکانی کۆماری ئیسلامیان لە دژی خۆیان پووچەڵ کردووەتەوە و ورە و هەستی خەباتکارانەیان دژی ڕژیم زیندوو ڕاگرتوە، بەڵکوو هەر بەو ئیمکاناتە کەمەشەوە کە لەبەردەستیاندابووە، لە بووارە جوراوجۆرە زانستی، هونەری و وەرزشیدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە. چاوگێڕانێک بەسەر ئەو سەرکەوتن و دەستکەوتانەدا، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەگەر ئەم ڕژیمە نایەڵێ لاوانی ئەم ناوچەیە دەستیان بە ئیمکاناتی پێویست لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕابگات و بواری گیرۆدەبوونیان بە مادە هۆشبەرەکان و نەخۆشی ئایدز بۆ خۆش دەکات، بەڵام بەردەوام ئەم لاوانە بە وشیاری و ناسینی پیلانەکانی ڕژیم و بە هیمەت و خۆڕاگری خۆیان کە ئاکامی هەلومەرجی خەباتکارانەی ئەم ناوچەیە و ڕۆحیەی پڕلە تێکۆشانی ئەوانە، سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دێنن. ئەم سەرکەوتنانە نیشانەی باوەڕبە خۆیی، خەباتگێڕی و زەحمەت و پێداگرییەکە کە گرێدراوی چاوکراوەیی و وشیاری لاوان خۆیانە. پێویستە لە ئاستی ئەم چاوکراوەیی و وشیاریەدا تەبلیغ بکرێ و دەبێت بسەلمێندرێت کە کوردستان نەک هەر بەردەوام سەنگەری خەبات و خۆڕاگری لە بەرانبەر زوڵم و زۆردا بووە، بەڵکو دەتوانێ و دەبێ سەنگەری ڕووبەڕوو بوونەوە و خەبات لەگەڵ گشت ئەو هۆکارانە بێت کە شادمانی و سڵامەت و تندروستی ئینسانەکان دەخەنە مەترسیەوە. ئەگەر کوردستان سەنگەری خەبات و تێکۆشان و قەڵای لەگێران نەهاتووی شۆڕشی ئێران بووە و هەیە، پێویستە قەڵایەکی بەهێز و خۆڕاگر لە بەرانبەر نفوزی هەر هۆکارێکیشدابێت کە ساخی و سڵامەتی و شادمانی ئینسانەکان زەوت دەکات و مەنگی و بێحاڵی و لەکارکەوتوویی بەدیاری دێنێت. پێویستە لاوان وشیارتر لەهەر سەردەمێکیتر و بەهەر ئیمکاناتێک کە لەبەر دەستیاندایە لەڕاستای دابینکردن و زەمانەت کردنی سڵامەتی خۆیاندا تێبکۆشن و ئاوات و ئارەزووی دوژمنان و نەیارانیان بۆ هەمێشە لە چاڵ بنێن.

***

# گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی مەجلیس بکەینە شانۆگەری ڕیسوایی ڕژیم



لە بەڕیوەچوونی شانۆگەری هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی ئیسلامی نزیک دەبینەوە، کاربەدەستانی حکومەتی هەر لە وەلی فەقیەوە تا وەزیری ئیتلاعات بەنیگەرانیەوە سەبارەت بەم شانۆگەری هەڵبژاردنە دەدوێن و تا ئێستا چەندین جار بە مەسەلەیەکی ئەمنیەتیان وەسف کردوە. بەشێک لە ڕیفۆڕمخوازە حکومەتییەکان کە دەیانزانی شانسێکیان بۆ تێپەڕبوون لە فیلتێرەکان نابێت، بە تەواوی کشانەوە و هەڵبژاردنیان تەحریم کرد و ئیتر جێگایەکیان لە نێو ڕکەبەراندا نییە. ئەم بەشە لە ڕیفۆڕمخوازەکان بە بایکۆتی شانۆگەری هەڵبژاردن بەبێ ئەوەی خۆیان بیانهەوێ شکست و بە بونبەست گەیشتنی ستراتیژەکەیان سەبارەت بە ئیسلاحی ڕژیم لە ڕێگای میکانیسمەکانی هەڵبژاردنەوە پیشاندا. ئەمجارە هەموو شەڕ و کێشەکانی هەڵبژاردن بەزۆری و لە بنەڕەتدا لەنێوان دارو دەستەی ئوسولگەراکاندا لە ئارادایە. لایەنێکی ئەم کێشەیە ئەو ئوسولگەراو مەلا محافەزەکارانەن کە دەوری خامنەییان داوە و تەیفەکەی دیکەش لە کاندیداتۆڕەکانی داروەدەستەی ئەحمەدی نیژاد پێکهاتوون، کە پاڵیان بە حیزبی پادگانی سپای پاسدارانەوە داوە. لەگەڵ ئەوەی ئوسولگەرایانی محافەزەکاری لایەنگری وەلی فەقیە کەڵکیان لە نفوزی خۆیان بەسەر بەشێک لە دامودەزگا حکومەتیەکاندا وەرگرتوە تا لە بەرانبەر ڕەقیبەکانیاندا کەم نەهێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕەوتی ڕەقیب دەستی بەسەر ناوەند و ئامرازی ڕێکخراوتردا دەڕوات لە دۆخێکی باشتر بەهرەمەندە. تەیفێک کە لە پشت سەری خامنەییەوە ڕیزیان بەستوە، نیگەرانی فرۆفێل لەلایەن ڕکەبەرەکەیانەوەن و لە کردارێکی پێشگیرانەدا هەندێک بەرنامەیان داناوە. بە تەوسییەی خامنەیی دەزگای قەزایی هەر لەئێستاوە "موحسنی ئیژەیی" کردۆتە سەرۆکی کۆموسیۆنێک تا بەوتەی خۆیان بۆ" پارێزگاری لە دەنگی خەڵک" بەدوادا چوون بۆ تاوانە قەزاییەکان بکات. هەردوو لایەن لەهەوڵدان بەبێ وەڕیخستنی کارناواڵی هەڵبژاردن و منازرەی تەلەویزیۆنی هاوشێوەی هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨، لەهەر ڕێگایەکی دیکەوە بووە خەڵک بکێشنە پای سندوقەکانی دەنگدان و بازاڕی بێ ڕەونەقی ئەم شانۆگەری هەڵبژاردنە کەهەر لە ئێستاوە نیشانەکانی دەرکەوتوە، تا ڕادەیەک گەرم بکەن. دەیانهەوێ بەبێ ئەوەی هەزینەیەک بدەن ڕکەبەرایەتییەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو بەرنە پێشەوە و مۆری شەرعیەتی هەڵبژاردن لە درێژەی دەسەڵاتەکەیان بدەن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچەند بەهۆی تەریک کەوتنەوەی نێونەتەوەیی و لە ژێر کاردانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەدا لەهەر سەردەمێکی دیکە زیاتر پێویستی بە" داغکردنی" تەنووری هەڵبژاردنە، بەڵام هیچکام لە باڵەکان نایانهەوێ بە پاڵپشتی میکانیزمی بەشداری کردنی خەڵک و وەڕێخستنی کێبەرکێی پڕ ئاژاوەی هەڵبژاردن، چارەنووسی هاوسەنگی هێز لە پاڕلمانی داهاتودا یەکلایی بکەنەوە. هەردوو باڵەکەی ڕژیم لەگەڵ هەوڵ بۆ دەست بەسەراگرتنی کورسی زیارتر لەپاڕلماندا، بە تەواوی ئاگایان لەوەیە کە نەکا لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسدا، کەلێنێك بۆ خۆ دەرخستنی جەماوەریی خەڵك بێتە ئاراوە. درێژەی قەیرانی ئابووری، بەرین بوونەوەی هەژاری و بێکاری، قوڵبوونەوەی ناکۆکییە دەروونیەکانی ڕژیم، ڕەوتی ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان، هەلومەرجی زاڵ بەسەر دنیادا، هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئێرانی بە شێوەیەک دیاری کردوە کە بواری گەشەی بزووتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران و ئاخێزەکانی جەماوەری لە شارەکانی ئێرانی ئامادەتر لەهەر دەورەیەکی دیکە کردوە. هەر ئەم هۆکار و فاکتەرانە، سەرتاپای ڕژیمی والێکردوە بە ئیحتیاتەوە هەڵسوکەوت بکات بۆ ئەوەی نەکا کۆنترۆڵی دۆخەکەیان لەدەست دەربچێت. لە ڕاستیدا لە بەر نیگرانی زۆر لەوەها هەلومەرجێکە وا ئەم هەڵبژاردنە بە ئەمنیەتی وەسف دەکەن و بەم هۆیەشەوەیە کە لە زۆر لەوە پێشەوە لەهەوڵدان گشت تواناکانی سەرکوتگەرانەیان بۆ وڵامدانەوە بەهەر ئەگەرێک ئامادە بکەن و بەهەر شێوەیەک بووە شانۆگەری هەڵبژاردنەکەیان بەبێ کێشە تێپەڕێنن.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش لەهیچ دەوریەکدا بەقەد ئەم دەورەیە، دەرکیان بە ناوەرۆکی ئەم ڕژیمە و کارکردی وەها شانۆگریەکی گاڵتەجاڕانە نەکردوە. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێ بە نەچوون بۆ پای سندوقەکانی دەنگدان ئەم شانۆگەری هەڵبژاردنە بکەنە شانۆی ڕیسوایی خودی ڕژیم. خەڵک دەزانن کەسانیک کە لەم شانۆگەری هەڵبژاردنەدا بەناوی نوێنەری ئەوان سەر لە سندوقەکان دەردێنن و دەچنە پاڕلمان، ناچن بۆئەوەی دەنگ بە یاسایی بوونی حەق و حەقوقی کرێکاران بدەن، دژی ڕەگەزپەرستی جنسی و بۆ مافی بەرابەری ژن و پیاو و چارەسەری کێشەی لاوان دەنگ بدەن. دەچنە مجلیس تا لە لایەکەوە بێ مافیەکانی باو لەکۆمەڵگادا زیاتر قانوونی و توندتر بکەن و لە لایەکی دیکەوە بە وەسیلەی ئەو هێز و نفوزەی لێی بەهرەمەند دەبن بازاڕی ڕانت خۆری و تاڵانچێتی گەرم بکەن. لەڕاستیدا شەڕی ئەمڕۆی باڵ و تەیف و کاندیداتۆڕکانیان نەک لەسەر مافی پێشێل کراوی خەڵک، بەڵکوو لەسەر ڕێژەی بەشێکە کە لەدەسەڵاتدا داوای دەکەن تا لەو ڕێگایەوە سیاسەتەکانی خۆیان بگرنە بەر، دەچیت بەڕێوە. ئاکامی کێشەکانی ئەوان هەرچیەک بیت، هیچ گوشایشێک لە ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئینسانە زۆرلێکراوەکاندا بەدیناهێنێت. لە ڕاستیدا جەماوەری خاوەن دەنگ کە ٣٠ و چەند ساڵە شاهیدی بەڕێوەچوونی سیناریۆ گەلێکی لەم چەشنەن و دوو ساڵ لەوەپێش پڕ فرۆفێڵاوی ترینی ئەم سیناریۆیەیان بەچاوی خۆیان بینی، نابێت گەرمکەری بازاڕی هەندێک بازیگەری فریوکار، دز و کۆنەپەرست بە ناوی نوێنەری خەڵک بن. خەڵک نابێ دنگیان ببێتە دەست مایەی کێشەکانی ئەم دوو ڕکەبەرە کە هەردوکیان دوژمنی قەستەسەری ئەوانن. خەڵک دەبێ ئەوەبزانن کە وەها هەڵبژاردنێک هیچ پەیوەندیەکی بە بەشداری ئەوان لە دیاریکردنی چارەنوسیاندا نییە. لە دۆخێکدا کە سەرتاییترین ئازادیە سیاسیەکان لە خەڵک زەوت کراوە و هەرچەشنە دەنگێکی مافخوازانە بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام وڵام دەدرێتەوە، لە دۆخێکدا کە لە پرۆسەی هەرجۆرە هەڵبژاردنێک لە کۆماری ئیسلامیدا لەسەرەتاوە تا کۆتایی، فرۆفێڵ و دەغەڵکاری دەور دەبینێ، میکانیزمی هەڵبژاردن، هیچ پەیوەندیەکی بە بەشداری خەڵک لە دیاریکردنی چارەنوسی کۆمەڵگادا نییە و خەڵك نابێت بچنە پای سندوقەکانی وەها هەڵبژاردنێک. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەتوانایدا هەیە بەهەر فێڵ و کەڵکێك بێت کەسانێک لە سندوقەکانی دەنگدان بکێشێتە دەرێ. بەڵام نابێت بە هاسانی بتوانێ خەڵک بکێشێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانی ئەم گاڵتەجاڕ هەڵبژاردنە و پێویستە خەڵک هەرلە ئێستاوە ئامادەبن بۆئەوەی لێبراوانە بەساتی ئەم بەناو هەڵبژاردنەی ڕژیم بکەنە شانۆی نامەشروع بوونی خۆی. ئەگەر بۆ سەرتاپای ڕژیم گەلێک گرینگە خەڵک بکێشنە پای سندوقەکانی دەنگدان و مۆری مەشروعیەتی هەڵبژاردن لە درێژەی دەسەڵاتە نگریسەکەیان بدەن، یەکێتی و یەکگرتوویی خەڵک بە نەچوونە پای سندوقەکانی دەنگدان، سەپاندنی شکستێکی گەورەیە بەسەر تەوایەتی ڕژیمدا. دەبێ ئەم شکستەی بەسەردا بسەپێت.

***

# وتووێژی گۆڤاری والاپرێس لەگەڵ "حەسەن رەحمان پەنا" ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە



**پرسیار:** لە چەند رۆژی رابردوودا، زۆربەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران و ئێرانیەکان، راگەیاندنی تایبەتیان بڵاو کردەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ئێران کە بڕیارە لە مانگی ئازاردا (رەشەممە) بەڕێوەبچێت. بۆچوونی کۆمەڵە چییە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان؟

**وەڵام:** ئێمە هەڵوێستێکی روون و شەفافمان سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی و ئەو بەناو "هەڵبژاردنەنان"ە هەیە کە لەم وڵاتە بەڕێوەدەچێت. کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کومیتەی ناوەندی (کۆمەڵە - رێکخراوی کوردستانی حیزب) لە دوو راگەیاندنی جیاوازدا هەڵوێستی ئێمەیان سەبارەت بەم بەناو "هەڵبژاردنە" بۆ خەڵکی ئێران و کوردستان روون کردووەتەوە. ئێمە هەر لە یەکەم هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی کە لە ١٢ی گوڵانی ١٣٥٨ واتە بەهاری (١٩٧٩ ز) بەڕێوەچوو، ئەو هەڵبژاردنەمان بە هۆی ئەوەیکە سەرەتاییترین پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنێکی ئازادیان تێدا لەبەرچاو نەگیرابوو و مافی دەنگدەران بە پێی شەریعەت و بە پێی هەر تەفسیرێك کە بە دڵخوازی خۆیان لە شەریعەت بویان و وورده ورده بە پێی یاسای پەسەند کراوی خۆیان پێشێل دەکرا، بایکۆت و داوامان لە خەڵکی کوردستان کرد کە بەشداریی تێدا نەکەن. لەو کاتەوە تا ئێستا کە ١٠ خولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و ئێستا کە نۆهەمین خولی پارڵمان بەڕێوەیە، ئێمە لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بەشداریمان نەکردووە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا شتێك بە ناوی هەڵبژاردن و یان دەنگدانی جەماوەر کە کاریگەریی لەسەر ئاڵوگۆڕی سیاسی لە سیستمی دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا بێت، بوونی نییە. سەران و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە کاتی هاتنە سەرکاریانەوە تا ئێستا، بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە رێبەری وڵات کە کاتی خۆی "خومەینی" و ئێستاش "خامنەیی" ە، ناوبراوان نوێنەری ئیمامی ١٢ی شیعەن کە بە وتەی ئەوان "غایبە". ئەم نوێنەرە، راستەوخۆ پەیوەندی بە خوداوە هەیە و جێبەجێکەری بڕیار و دەستورەکانی ئەوەن کە لە قەوارەی "ویلایەتی فەقیە"دا خۆی دەبینێتەوە. زۆر جار رایانگەیاندووە کە دەنگی هەموو جەماوەریش ناتوانێ بانتر لە دەنگی "وەلی فەقیە" بێت. ئەوان ئەو بەناو هەڵبژاردنانەیان زۆرتر بۆ رازاندنەوەی سیمای کۆماری ئیسلامی دەوێ کە بە دونیای دەرەوەی نیشان بدەن، کە گوایە دیموکراسی لە ئێران هەیە. لە ئێران "وەلی فەقیە" لە سەرەوەی هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات وەك "سەرۆك کۆماریی، پارڵمان، شورای نیگابان، مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام"ە، کە هەموو ئەمانە لە سەرەوەی دەنگ و ئیرادەی خەڵکن. بێجگە لەوە ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردن کە لە زۆرێك لە وڵاتانی رۆژئاوایی و شوێنەکانی دیکە هەیە، کە دەسەڵاتی لە نێو لایەنەکاندا پێ دەستاودەست دەکرێت لە ئێران ئەو چەشنە دێموکراسیەش بوونی نییە. غەش و تەقەلوب لە هەڵبژاردن، لایەنێکی گەورەی هەڵبژاردنەکانی ئێرانە کە دوایین هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری کە دوو ساڵ لەوەپێش بەڕێوەچوو و "ئەحمەدی نژاد" کە دەنگی لە "میرحوسێنی موسەوی" کەمتر بوو و بە ناوی سەرۆك کۆمار لە چاوبەستنێکدا لە سندوقەکانی دەنگدان هێنرایە دەرێ، ئاخرین نمونەی ئەو تەقەلوبی هەڵبژاردنەیە. بێجگە لەم هۆکارانە، هیچ حیزب و رێکخراو و ناوەندێکی کرێکاریی، مەدەدنی و جەماوەری سەربەخۆ لە دەوڵەت، وجودیان نییە کە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. ئەوەیکە دەمێنێتەوە، کۆمەڵێك دەست و پێوەندی رژیمن کە لە فیلتێری ناوەندێك بە ناوی "شوڕای نێگابان" دەبێ تێپەربن و ئەوانیش لەسەداسەد نیشانی بدەن کە سەر بە کۆماری ئیسلامین. بە هەموو ئەم هۆکارانەوە ئێمە ئەم بەناو هەڵبژاردنە تەنیا بۆ رازاندنەوەی ویترینەکانی بەناو "دەنگدان" دەزانین کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت مەشروعیەتی مانەوەی ناشەرعی خۆی لەو نەوعە گاڵتەجارە وەربگرێت. هەر بۆیە داوامان لە هەموو خەڵکی ئێران و کوردستان کردووە کە نەچنە بەردەم ئەو بەناو سندوقی دەنگدانانە و لە راستیدا بە وتنی "نا"، بێزاری خۆیان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە دونیا رابگەیەنن.

**پرسیار:** لەکاتێکدا وڵاتانی عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی کێشەو قەیرانی گەورە بوونەتەوە و چاودێران پێیانوایە ئێرانیش لەناو کێشەکاندایە، بەڵام لەم سەردەم و وەختەدا ئێران خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکات، تا چەند ئەو بۆچوونە دروستە کە ئێران دەیەوێت خۆی رزگار بکات لە کێشە و قەیرانەکان؟

**وەڵام:** هەر وەکوو ئاماژەمان پێکرد کۆماری ئیسلامی ئامانجی خۆی لە وەڕێخستنی ئەو بەناو هەڵبژاردنانە هەیە کە زۆرتر بۆ نیشان دانی روکەشانەی دەنگ و کاریگەریی خەڵك لەسەر دیاری کردنی ناوەندەکانی دەسەڵات لەم وڵاتەیە. بەڵام لە راستیدا وا نییە. بێجگە لەوە هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە بۆ کۆماری ئیسلامی لە هەموو کات و ساتێك زیاتر هەستیارە. رێبەری کۆماری ئیسلامی "خامنەیی" و هەروەها وەزیری ئیتلاعاتی ئەم وڵاتە "حەیدەر موسلیحی" بە ئاشکرا رایانگەیاندووە کە هەڵبژاردنی ئەم دەورە هەڵبژاردنێکی ئەمنیەتییە. واتە بە لای ئەوانەوە بوون و نەبوونی کۆماری ئیسلامی لە ژێر پرسیار دایە.

هۆکاری ئەمنیەتی بوونەکەشی، دەگەڕێتەوە بۆ باوردۆخی "سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی" ئەمڕۆی ئێران کە بە ئەزمەیەکی قوڵدا تێپەڕ دەبێت. ئەمڕۆ هەموو کەس باس لەوە دەکات کە، کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی نێوخۆیی لە خراپترین هەلومەرجی تەمەنی خۆی دایە. لە ئاستی نێودەولەتی بەتاك کەوتووەتەوە و ئەو کارتانەی کە لە ناوچەکە یاری پێدەکردن، کاڵ بوونەتەوە و بە رووخاندنی دەوڵەتی سوریە بەشێکی زۆریان لەدەست دەدات. گوشارە دەرەکییەکان، ئابوری ئێرانی تووشی داڕمانێکی گەورە کردووە. دراوی ئەم وڵاتە لە نزمترین ئاستی خۆی دایە. "بانکی ناوەندیی ئێران لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانیەوە تەحریم کراوە. ئوروپا، ژاپۆن، کۆریای باشوور کە لە دۆستانی نزیکی ئەمریکان، رایانگەیاندووە کە بەنیازن نەوت لە ئێران نەکڕن. لە ئاستی ناوخۆییدا ناوەندەکانی بەرهەمهێنان بەردەوام و یەك لە دوای یەك دادەخرێن. لە سەدا ٣٠ خەڵکی ئامادە بۆ کاری ئەو وڵاتە بێکارن. زیاتر لە ٦ ملیۆن کەس بە شێوەیەك لە شێوەکان گیرۆدەی داوی مادە هۆشبەرەکانن. لابردنی سوبسید لە سەر پێداویستیە سەرەکیەکانی جەماوەر، خەڵکی ئێرانی هەرچی زیاتر نوقمی هەژاری کردووە. بزووتنەوە ئێعترازییەکان و لە سەرەوەی هەموویان نارەزایەتی کرێکاریی ئەگەرچی هێشتا لە حاڵەتی دیفاعی دایە، بەڵام بەشێك لە ژیانی رۆژانەی ئەم وڵاتە پێکدێنن. کۆمەڵگای ئێران ئەمڕۆ لە دەورونی خۆیدا دەکوڵێت.

لە وەها هەلومەرجێکدا بەڕێوەبردنی بەناو هەڵبژاردنێك کە مۆرکی ئەمنیەتی پێوەیە و باڵێکی دیاری کراوی کۆماری ئیسلامی کە بە ریفورمخواز ناسراون، لە ترسی رەت کردنەوەی متمانەی کاندیداکانیان رایانگەیاندووە کە لە هەڵبژاردن دا بەشداری ناکەن و هەموو ئۆپۆزسیونی نارەسمیش ئەم هەڵبژاردنەیان بایکوت کردووە، ئایا رێگەیەك بۆ ئەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێت ئەو هەموو ئەزمە و گیروگرفتەی کە باسمان کرد بە ئاسانی تێپەڕێنێت و ئەو هەڵبژاردنە بکات بە ئیمکانێك بۆ سەقامیگر کردنی خۆی؟ وەڵامی من بەم پرسیارە "نا"یە.

لەوانەیە کۆماری ئیسلامی ئەم هەڵبژاردنەش وەك هەموو هەڵبژاردنەکانی دیکە بە تەقەلوب کردن و بە هێنانە دەرەوەی ناوی کۆمەڵێك کەسی جێگای مەبەستی خۆی، کۆتایی پێ بێنێت. بەڵام بەدڵنیاییەوە کێشە و قەیرانەکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامی قووڵتر دەکاتەوە.

**پرسیار:** ئەو هەڵبژاردنانە تا چەند دەتوانێت ئاڵوگۆڕێك پێکبێنێت لە رەوشی سیاسی ئێران و کرانەوەی دەروازەکانی دیموکراسی لەو وڵاتەدا؟

**وەڵام:** بە هۆی سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر ئێراندا کە "ویلایەتی فەقیە"ە و ئەو سیستمە خۆی لە بەرامبەر خەڵك دا بە بەرپرسیار نازانێت و تەجروبەی تا ئێستای هەموو هەڵبژاردنەکانیش ئەم راستیەمان پێ نیشان دەدات کە لە رێگای هەڵبژاردنەوە ئیمکانی هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێك لە سیستمی ئەو دەسەڵاتە ناکرێت. بە پێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی، هیچ بیروبۆچونێکی غەیری مەزهەبی ئازاد نییە. ئازادیی چاپەمەنی، ئازادی حیزب و رێکخراوی سیاسی و جەماوەریی، ئازادیی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان، ئازادیی ژنان کە نیوەی ئەو کۆمەڵگایەن و وڵات بۆ ئەوان زیندانێکی گەورەیە... لەم وڵاتە بوونی نییە و بۆیە باوەڕ بەوەیکە لە رێگای هەڵبژاردنەوە دەکرێت ئاڵوگۆڕ لەم سیستمەدا بکرێت، ناواقیعی و خۆشباوەڕانەیە. زۆر حیزب و لایەن جیا لە ریفورمخوازەکان لە ناو ئۆپۆزسیون و لە رێکخراوەکانی کوردستانیش هەبوون، کە کاتی خۆی خەڵکیان بانگەواز دەکرد لە هەڵبژاردن دا بەشداری بکەن و بە وتەی ئەوان دەنگ بە نوێنەرانی دڵخواز، یان حیزبەکەی ئەوان و شتی لەو چەشنە بدەن. بەڵام هەر ئەو حیزب و رێکخراوانە ئەمڕۆ بۆیان دەرکەوتووە کە دەنگدان لە کۆماری ئیسلامیدا بێ بنەمایە و بایکوتی هەڵبژاردنی دەوری نۆهەمی پارلمانیان راگەیاندووە. بۆیە ئێمە پێمان وایە کە سیستمی دەسەڵاتی "ویلایەتی فەقیە" لە رێگای هەڵبژاردنەوە هیچ ئالوگۆڕێکی بەسەردا نایەت و مەجالی کرانەوەی دیموکراسی لە ئێراندا لە رێگای سندوقەکانی بەناو "دەنگدان"ەوە بەدەست نایەت، بەڵکوو تەنیا لە رێگای هاتنە مەیدانی جەماوەری خەڵك بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕ و جەماوەریی مومکین دەبێت. بێجگە لەوانەی کە باسمان کرد، پارلمانی داهاتووی ئێران نەك هەنگاوێك بەرەو دیموکراسی نانێت، بەڵکوو بە چوونی ژمارەیەکی زۆرتر لە کاندیداکانی سوپای پاسداران و ئەڵقەلەگوێیانی خامنەیی، چەندین هەنگاو لە دەسەڵاتی نیزامیی نزیکتر دەبێتەوە.

**پارلمانی داهاتووی ئێران نەک هەنگاوێک بەرەو دیموکراسی نانێت، بەڵکوو بە چوونی ژمارەیەکی زۆرتر لە کاندیداکانی سوپای پاسداران و ئەڵقەلەگوێیانی خامنەیی، چەندین هەنگاو لە دەسەڵاتی نیزامیی نزیکتر دەبێتەوە.**

**سازدانی: ئازاد بانەیی**

**بەشەی یەکەمی ئەم وتووێژە لە ژمارەی ٤٩ی گۆڤاری والاپرێس لە رێکەوتی ژانویەی ٢٠١٢ بەڵاو کراوەتەوە.**

***

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ـ ژمارە ٣٠٤ ـ نیوەی یەکەمی ڕێبەندانی ١٣٩٠ ـ ژانویە ٢٠١٢

# "ئانجێلا دیویس"




لەنێوان سیما ناسراوەکانی بواری هەوڵ و مقاومەتی جیهانی ئێستادا، بێگومان کەسێك بە ڕێژەی "ئانێجلا دیویس" ناتوانێ "مرۆڤێکی بەتەواو مانا ئازار چێشتوو" بێت، چونکە، ئەو ژن و هەروەها ڕەش پێست و مارکسیست و بیرجیاواز بوو.

ئانجێلا دیویس لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و ئۆستادی خانەنشین کراوی دانیشگای کالیفۆرنیا و سەرپەرستی گرووپی توێژینەوەی "فیمێنیستی دانیشگا"ی لەئەستۆ بووە. "ئانێجلا" لەسەردەمی بزووتنەوەکانی مافی مەدەنی لەسیما زۆر چالاك و بەرجەستەکانی گرووپی (بلەك پێنتر) بووە.

ئانجێلا لە بواری مافەکانی ژنان، کێشەی ئامریکاییە بە ڕەچەڵەك ئەفریقاییەکان، تێوری قەیران، مارکسیسم، موسیقی پاپ، وشیاریی کۆمەڵایەتی، زیندان و ئەشکەنجە، لێکۆڵینەوەگەلێکی زۆری ئەنجامداوە و لێرەدا پاش پێشەکییەکی کورت، هەندێك لە ڕوانگەکانی ناوبراو سەبارەت بە "ژنان" دەخەینە بەر باس.

"ئانجلا" لە دەورەیەك لە ژیانیدا لە دانیشگای "واڵتێم ماساچۆسێت"، لەگەڵ ئەندێشە و بیروبۆچوونەکانی "ئالبێر کامۆ" و "ژان پۆل سارتێر" ئاشنا دەبێت. پاشان لە سەردەمی خەبات و پشتیوانی لەئاشتی لە بوحرانی موشەکی کوبا، لەگەڵ فیلسوفی بەناوبانگ "هێربێرت مارکۆزە" دیدار دەکات و دەستبەجێ دەچێتە دانیشگای فرانکفۆرت تا ببێتە خوێندکاریی.

پاش گەڕانەوەی لە کۆبوونەوەی لاوان و خوێندکاران لە شاری "هێلسێنکی" پێتەختی فەنلاند بە بۆنەی "هەوڵە کۆمۆنیستییەکانی" لەم کۆبوونەوانەدا، لەلایەن "ئێف بی ئای"ەوە بازداشت و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

لەساڵی ١٩٦٩ەوە دەبێتە ئۆستادیاری دانیشگای ucla ، بەڵام پاش ماوەیەك بەهۆی ئەندامیەتی لەحیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بە پێشنیاری (ڕۆناڵد ڕەیگان) ئۆستانداری ئەوکاتی کالیفۆرنیا، کورسی ئۆستادیی لێوەردەگرنەوە.

هەڵبەت پاش هەوڵە قانونییەکانی، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ دانیشگا. لەساڵی ١٩٧١ کەسێك بە چەکێکی گەرم کە بە ناوی "دیویس"ەوە سەبت کرابوو، ئۆستانداری کالیفۆرنیا تێرۆر دەکات و ناوی ئانجلا وەك شەریك جورم واتە بەشداری لەو تیرۆرە دەچێتە لیستی ڕەشی "ئێف بی ئای"ەوە. پاش ماوەیەکی کورت، ئانجلا دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانی دەکەن.

پاش ئەو ڕووداوە کۆمەڵێکی زۆر لەڕووناکبیران و خەڵکی ئاسایی، بۆ ئازادیی "ئانجێلا" هەوڵەکانیان دەخەنە گەڕ. "جان لێنون" و "یۆکۆ ئۆنۆ" بۆ پشتیوانی لە ئانجێلا، ئاوازی "ئانجێلا" بڵاو دەکەنەوە و (میك جەگێر) سەرۆکی گرووپی بەناوبانگی "ڕۆلینگ ئیستون"، بۆ ئازادی "ئانجێلا" ئاوازی "فریشتەی ڕەشی خۆشەویست" بڵاو دەکاتەوە.

پاش ماوەیەك، بێ تاوانی ئانجێلا سەیلمێندرا و لەزیندان ئازاد کرا.

ئانجێلا لەسەردەمی سەرۆك کۆماری "ڕەیگان"دا دووجار دەبێتە پاڵێوراوی کەسی دووهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا، بەڵام دواترەکان لەدەیەی ٩٠ بەهۆی جیاوازی بۆچوون لەگەڵ هەندێك لە سیاسەتەکانی حیزب، واز لە حیزبایەتی دێنێت.

ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە "ئانجێلا"ی سۆسیال دیمۆکرات ناوەندی (پایەداری چارەنووسسازی) دامەزراند و لە دژی چەوساندنەوە و ئەزیەت و ئازاردانی زیندانیان بەمەبەستی زیاد کردنی بەرهەمی کارخانەکان لەبەرامبەر حەقدەستێکی کەمدا خەبات دەکات.

لەلایەکی دیکەوە دژبە یاسای حوکمی ئیعدام بوو. هەروەها خوازیاری بەرابەری حقووقیی بیرجیاوازان لەگەڵ باقی هاوڵاتیانی کۆمەڵگا بوو. پێویستە ئەوەش بوترێت کە "ئانجێلا دیویس" چەندین کتێبی بەنرخیشی هەیە. ئەو لە یەکێك کتێبەکانی خۆیدا لە ژێر ناوی (ژن، جنس، تەبەقە) ڕۆڵی خاوەنداریەتی تایبەتی لەسەر دۆخی ژیانی ژنانی داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لەوێدا دەریدەخات کە ژنان پێش خاوەنداریەتی تایبەتی خاوەن سەربەخۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەروەها خاوەن توانایەکی زۆر بووە لە بوارەی بەرهەمهێناندا.

لە ڕوانگەی "ئانجێلا"وە ئەوە نیزامی سەرمایەداری نەبووە کە ژنانی لەماڵەوە هێناوەتە ناو کۆمەڵگا، بەڵکو ژنان پێش لەهاتنەسەکاری ئەم نیزامە، بەشێکی زۆری ئەرکی کۆمەڵگەیان لەسەر شان بوو. بە پێچەوانەوە سەرمایەداری بە وەرگرتنەوەی بەرپرسایەتی گرینگ و کلیدی لە ژنان و فرۆشتنی کاڵاکان بەژنان، ژنانیان بەرەو مەسرەف گەرایی هاندا و لەگەڵ ئەوەش دروشمەکانی پیاومەزنییان لەجۆری (ژن نمونەی مەسرەف کردن و هەڵەخەرجییە)، لەکۆمەڵگا بڵاوکردەوە.

ئەو لەبەشی سێزدەی کتێبەکەیدا دەنووسێ: کارگەلێکی زۆر لەژێر ناوی "ماڵداری" شۆردن، چێشت لێنان، خاوێنکردنەوە و گسك لێدان جێبەجێ دەبێت کە زیاتر لەسێ هەزار سەعات لەکاتی ژنان بەم کارانەوە تێپەڕ دەبێت و بە خەسار دەچێت. لەبیرمان نەچێتەوە کە ئەم ئامارە زۆر دڵتەزێنە ئەرك و کاری بێ پایانو لەبەرچاو نەگیراوی دایکان بۆ منداڵەکانیانی لەخۆیدا جێ نەکردۆتەوە. هەوڵی بێ پایان و پڕ لەدژواری ژنان لەماڵەوە زۆر بەکەمی لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە ڕێزی لێدەگیرێ و بەزۆریی، زەحمەت و ڕەنجەکانی ژنان لەماڵەوە، بۆ هەمیشە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

هەڵبەت وشیاریی ژنی ئێستا، پاش بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان بۆتە هۆی ئەوەی بەشێك لەم کار و ئەرکانە ئێستا پیاوانی ماڵەوە لە ئەستۆی بگرن. تەنانەت بەشێك لەپیاوان بەڕادەی ژنان کاتەکانیان بۆ کاری ناوماڵ تەرخان دەکەن. بەڵام نازانرێ تا چ ڕادەیەك لەو بیرۆکە و ڕوانگەکانیان لەوەی کە کاری ناوماڵ تەنیا ئەرکی ژنانە ڕزگار دەکەن؟ چ ژمارەیەك لە پیاوان کارکردن لەماڵەوە بەیارمەتی کردنی ژنانی شەریکی ژیانیان نازانن؟ ئەگەر بکرایە ئەو ڕوانین و تەسەورە کە کاری ناوماڵ کارێکی ژنانە لەنێو بەرین و ئەم کارە بەشێوەی بەرابەر لەنێوان پیاو و ژندا دابەش بکەین، ئایا ئەم ڕێگە چارەیە دەبووە هۆی خۆشحاڵی و ڕەزایەتمان؟ شایەت زۆرێك لە ژنان سەرهەڵدانی سەردەمی هاودڵی لەنێوان هاوسەرەکانیاندا ڕێز لێبگرن و خۆشحاڵ بن لەم ئاڵوگۆڕانە. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە لابردنی ئەرکی کاری ناوماڵ و بەستنەوەی بە جنسێکی تایبەتەوە، نابێتە هۆی لەناوچوونی سرووشتی سەرکوتگەری لەدژی ژنان. بە بڕوای من، هیچ ژن و پیاوێك نابێ ئەم هەمووە کاتە بەنرخ و گرانبایەیان بۆ کارێك تەرخان بکەن کە نە خۆشینەشەو و لە هەمانکاتدا بێ بەرهە...

ڕەنگبێ ڕۆژێك بێت کە کاری ماڵەوە بەو شێوەی کە ئێستا دەیناسین بە بەمێژوو بسپێردرێت، بەڵام تێڕوانینی باوی کۆمەڵگا بە نیسبەت پێگەی هەمیشەیی ژن، وێنەیەکە لە ژنێکی گسك لێدەر و خاوێنکەر کە هەموو کات خەریکی شستن و لێنانی چێشت و خواردنە. ئەوە ڕاستە کە کاری ژن لەهەر قۆناغێکی مێژوودا پێوەندی بووە بەماڵدارییەوە، بەڵام لەهیچ دەورەیەکدا کاری ژنان لەماڵەوە وەك ئەمڕۆ نەبووە، چونکە وەکوو هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر، کاری ماڵیش بەرهەمی گۆڕانکارییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی نیزامە ئابوورییە نوێیەکان و لەنێوچوونی ئەوان، پانتایی و چۆنیەتی کاری ناوماڵ تووشی کۆمەڵێك گۆڕانکاری جیدی و ئەساسی بۆتەوە.

بەوتەی ئێنگڵس لەکتێبی (سەرچاوەی خانەوادە)، نابەرابەری جنسیەتی بەو شێوەی کە ئێستا ئێمە دەیبینین، پێش لە سەرهەڵدانی مڵکدارییەتی تایبەتی بوونی نەبووە.

لەقۆناغی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا دابەشکردنی کار و بەرهەمی ئابووریی، لەسەر بنەمای جینسی ژن و پیاو بەڕێوەنەدەچوو. لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکان، پیاو کاری ڕاوی ئاژەڵە دڕندەکانی لەئەستۆ بووە و ژنیش سەوزی و میوەی دارستانەکانی کۆدەکردەوە. هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاو لەبواری ئابوورییەوە هەندێك ئەرکیان گرتبووە ئەستۆ کە بۆ مانەوەی کۆمەڵگا جێگای بایەخ و گرینگیەکی تایبەتی هەبووە. بەهۆی ئەوەی کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگا لە بنەڕەت و ئەساسدا خانەوادەیەکی گەورە بوو و ڕۆڵی سەرەکی ژن لەکارەکانی ماڵەوە، بەو مانایە بوو کە ژن ئەندامێکی بەنرخ و جێگەی ڕێزی کۆمەڵگە بووە.

"ئانجێلا دیویس" هەر لەو کتێبەدا نووسیویەتی: لەسەفەرێکم کە لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ وڵاتی "تانزانیا" بووم، ڕۆڵی سەرەکی ژن لەماڵەوە لەکۆمەڵگا پێش سەرمایەدارییەکان بۆم بەئاشکرا دەرکەوت.

لەشەقامێکی دوورکەوتووی ئەو وڵاتەدا، چاوم بەشەش ژن کەوت کە کۆمەڵێك داریان بەمەبەستی دروستکردنی گوندێکی نوێ لەسەر سەریان هەڵگرتبوو. لەوێدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە لەو کۆمەڵگەیەدا ژن هەموو کارەکانی ماڵەوەی لە سەرشانە، تەنانەت دروستکردنی سەقفی ماڵەکەش ئەرکی ژنان بوو. ژن لەبەرهەمهێنان و ئابووری کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی هاوشانی هەبووە لەگەڵ پیاوان. بەڵام لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ژنی ناوماڵ پێشکەشی دەکات، کەمتر نیشانەی بەرهەمهێنانی پێوەدیارە و بەسەر یەکەوە پلەی کۆمەڵایەتی ژن تا ئاستی خزمەتکاری هەمیشەیی هاوسەرەکەی، هێناوەتە خوارێ.

لەمێژووی کورتی ئامریکادا ژن وەك ماڵدار نەك بەرهەمهێنەر، تەنیا کەمێك لەسەد ساڵ زیاتر تەمەنی هەیە. تەنانەت سەد ساڵ لەوە پێش لەسەردەمی ئابووری کشتوکاڵی پێش پیشەیی بوون،سێ پارچەی بەرهەمدەهێنا، گۆرەوی و کڵاو و دەستکێشی دەچنی، نانی دروست کرد هەروەها کەرە و سابوون و مۆمیشی دروست دەکرد. گیای دەشتەکانی کۆ دەکردەوە و دەرمانی لێدروست دەکرد. ژنان ڕۆڵی پزیشك، پەرستار و مامای بنەماڵە و کۆمەڵگەیان دەگێڕا. لەگەڵ پێشکەوتنی سەرمایەداری سەنعەتی، کەلێنی نێوان نیزامی ئابووری نوێ و ئابووری ماڵەوە زیاتر لەهەمیشە قوڵ بووەوە.

هاتنی بەرهەمەکانی کارخانەکان و گشتگیر بوونی شۆڕشی بەرهەم کە پاش نیزامی ئابووری نوێ هاتە مەیدان، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی پێکهێناوە. ئەم شۆڕشە لە نێوان بەرهەمی ماڵەوە و کارخانەکان جیاوازیەکی ئەساسی و بنەڕەتی پێکهێنا. بەهۆی ئەوەی بەرهەمەکانی کاری ناوماڵ قازانجێکی وایان نەبووە و کرێکاری ناوماڵ لەبەراورد لەگەڵ کرێکاری کارخانەکان حەقدەستی کەمتر و خاوەن پێگەیەکی نزمتریش بوون. بەرهەمێکی دیکەی ئەم ئاڵوگۆڕە ئابوورییانە، لە دایك بوونی "ژنی ماڵدار" بوو.

ژن لەبواری ئیدیۆلۆژیکیەوە جارێکی تر پێناسە کرایەوە و سەرپەرستی کارە بێ بایەخەکانی ماڵەوەی لە ئەستۆ گرت. ژنی ماڵدار لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی بورژوازی و چینی مامناوەندی کۆمەڵگا لەدایکبوو. بەڵام لەواقیعدا ئیدیۆلۆژی سەرمایەداری سەدەی نۆزدەهەم بوو کە ژنی ماڵدار و و دایکی نموونەی جیهانی ژنایەتی بەهەمووان ناساند. لەوێوە کە تەبلیغاتی هەمەلایەنە، سەنعەتی ژنانی ماڵداریی و بێ حەقدەست وەسف دەکرد، ژنان ناچار بوون کە بۆ وەرگرتنی حەقدەست لەماڵەکانەوە بێنە دەرێ و بچنە نێوبازاڕی کار کردنەوە. لێرەوە بوو کە لەجیهانی ئابووری پیاوانە وەك بێگانە و نامۆ سەیرکران. بەهاتنە دەرەوە لەجیهانی سروشتی خۆیان، نرخێکی زۆریاندا، وەك: "زۆر بوونی سەعاتەکانی کارکردن، قبوڵکردنی دۆخی دژواری شوێنی کار و ملدان بەحەقدەستی زۆر کەم." (ئێستاکەش لەپێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانی بەژن لە هەمبەر کاری بەرابەر لەگەڵ پیاو، حەقدەستی کەمتر دەدرێت). ڕادەی چەوساندنەوەی ژنان لەڕادەی چەوساندنەوەی پیاوان زۆرترە. ژنانی ڕەش پێستیش تا ئەو جێگەی لەتوانایاندا بوو کاریان دەکرد، ئەو بوێری و سەربەخۆییەی کە زۆرجار ژنانی ڕەش پێستی پێوە دەناسرێنەوە، بەرهەمی کار و چالاکی دژواریان بوو کە لە دەرەوەی ماڵ ئەنجامیان دەدا.

بەڵام جیاواز لە ژنانی ماڵداری سپی پێست کە فێریان کردبوون، بۆ ئەمنیەت و پاراستنی ماڵییان وابەستەی هاوسەرەکانیان بن، هیچ کام لە هاوسەران و دایکانی ڕەش پێست کە زۆربەیان کرێکار بوون، پشتیوانی و دیفاعی نەکرد و کەسێك داوای لێنەکردن کە لە کات و وزەیان تەنیا لە کارەکانی ناومال کەڵك وەربگرن و کاری ناوماڵ ڕاپەڕێنن. ئەوانیش هەر وەك ژنانی کرێکاری سپی پێست کە قورسایی کاری دەرەوە و خزمەت بە هاوسەر و منداڵیان لەسەرشان بوو، هەموو کات پێویستیان پێیە و هەیانە کە لەم هەموو ڕەنج و ئازارە تاقەت پرۆکێنە ڕزگاریان بێت.

**نوسین: ئەکرەم پدرام نیا**
**وەرگێڕ: پەروین عەلی مورادی**

***

# ئەدۆنیسەکانی سەر زەوی، غەزەل وێژانی سوریە



ئێرە دەمێشقە، درەوشانەوەی رۆژهەڵات. بەرزایی خۆر. لە دەمێشق چەندین سەدەیە، گزینگێ بەدی ناکرێت، بەڵکو رێژنەی مەرگە دەبارێ. دەمێشق دەروازەی مێژوو، دەروازەی سەرجەم ئیمپراتۆریەکان لە ئاشور تا یونان، رۆم، ئۆمەوی تا عوسمانی و لە ٤٢ ساڵ لەمەوبەر هەتا ئێستا، عەلەوی کە دەسەڵاتی سەرمایەی بە ئاوێتە کردنی ئیدئۆلۆژیك زاڵ کردووە. کراسی خەڵتانی خوێنی عوسمان لەسەر مینبەری مەعاویە و لە کوفە، بکوژانی جێگری سێهەمی محەممەد، بە شمشێرەکانیان بە بیانووی شەرێك دەست پێبکات، بە خەیاڵی حکومەتی دوو نەیار لە ئیمپراتۆری ئیسلامی، لە نێوان عەلی و لەشکرەکانی و مەعاویە، لە شەری جەمەل و سەفین و شەرەکانی دیکەدا کە جەمسەرێکی هەمیشە ئیمامی بووە و خەلیفەی خودایی بوو، تا ئێستا بە ناوی حکومەتی عەلی "عەلەویان"، حیزبی بەعسی ئەلیگارشی ئەسەدەکان، قەڵای داگیرکەران، بە پارێزگاری حافز و ئێستاش بەشار، قەڵایەك کە ئیتر نەك بۆ حکومەتی ئیسلامی ئێران و حیزبوڵا، تەنانەت بۆ نیزامیانی ئیسرائیلیش، سەرپەنایەکی ئارام نیە، رەگەز پەرەستان لە بەرزاییەکانی گۆلان، نیگەرانن. گۆلان چیتر ناتوانێت هێمنایەتی ببینێت.

بەشار، رەفعەت و باندە مرۆڤ کوژەکانیان دەبێ ببن بە چاودێری سەنگەری تیرۆریزم و نوێنگەی مافیای چەك و هێرۆئین و پوڵی رەش، حکومەتی ئێران، مافیای رووس، حکومەتی "بەنجیل" فرۆشی چین، حیزبوڵا، ئەشرافی ماڵی و کومپرادۆرەکان. بە پاراستنی نیزامیانی بەعس، رێرەوی رۆژهەڵات و سنووری باشور، بە بوونی ئازار و رەنجی هەزاران ساڵە لەسەر جەستەی، لەسەر پارێزەرانی مەرگ، حیزبوڵای ئێران و بەشی لوبنانییەکەی و حەماس و جیهادی ئیسلامیەکەی و سپای بەدر و قودس، بەسەر ستادی نیزامی مافیای روس لەسوریە، دەرگای ئاواڵە کردووە و قازانجی چین بە چەکی "بەنجیل"ی گەندەڵ و قوتدانی جیهان، بە چەکمەکانی دەوڵەتی سەرمایە بەسەر ملی منداڵانی کار و برسیەتی لەم رێرەوەدا.

گرکانی ساڵی رابردوو، رێك ساڵێك لەمەوبەر، لە رۆژانێکی وەك ئەمرۆدا خرۆشا و هەڵچوو. بە ئاوازی چەند خوێندکارێك، لە دەرعا بە نووسینی دروشمگەلێك لەسەر دیواری شار. بروسکە هات، منداڵی سەرەتایی، منداڵانی سوور، بوون بە فوارەی گرکان و پەیکی ئاخێز. سەرکوت و کوشتار لە سوریە، لەسەر نوێنگەی کەڵکە بووی چەندین ساڵ ستەم، باروتی تورەیی پەنگ خواردووی چەندین ساڵ کۆیلەتی.

زەلکاوی گەندەڵی دەسەڵاتدار، خۆ حەشاردانی ماری پێچ و لوول خواردووی سەر گەنجینەی ئاڵتون و خوێن، لوول خواردنی کرمە قەڵەوەکان لە ناخیدا. زەلکاو بەخێرهاتنی ئەسەد و هاوپیاڵەکانی دەکات، قەزافی چاو لەرێگەدایە و بە عەبای عیزرائیلەوە لە دەرگانەی دۆزەخ بۆ پێشوازی وەستاوە، بەبێ هیچ هەستێك، هەر وەك لەسەر باڵی "ئایر فرانس"، بە بێ هیچ هەست و سۆزێك، کە هاتبوو بۆ وێرانە و کوشتار و قەبرستان، تا خاوەران بخولقێنێت. بە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاوی و پێشتریش، هەر لەو رۆژەوە، لە ١٣٥٧ی هەتاوی تا کەهریزەك بە دەست و پێوەندەکانی و ویلایەتەکەی هەتا ئێستا.

ئێستا، پێگەی تیرۆریستەکان و خۆکوژیەکان، لە حاڵی دارمان دایە. دەرەی بەقا، دەمێنێتەوە، بێ "بەقای" بەشار و هاوکارانی لە ئێران و عێراق و لوبنان. "بەحرولمەییت" دەریای مردووەکان، بۆ قوتدانی ئەلیگارشیەکانی سوریە دەمی کردۆتەوە. ئیرادەی سەرکوتی حکومەتی، سەرشێتی خوێن، ترساوی ئیرادەی حکومەتەکان، حەیران و سەرگەردان و لە خرۆشانی چەمێك دەترسێت.

ئیرادەی ئاخێز، لە خرۆشانی بە جۆشەوە بگرە تا ئۆقیانووس، لە سەرتاسەری شامستان بە باهۆزێك نیشتۆتەوە و ئیرادەی راسان لە زەوی، لە پەیمان لەگەڵ زەمان، تا دوایین پشوو.

دوژمن، پەرێشان و داماوە.

لە دەرعا، زرێپۆشەکان لە ترسی هێرشی ژنان و منداڵانی جەسوور، لوول دەخۆن و ناڵە و گریانی مەرگیانە. ستەم لێکراوان بە رەنج و ئازاری تاقەت پرۆکێن، لەسەر پێدەشتی شامستانی شام، خۆیان چەشنی دەریایەك، خرۆشانی ئۆقیانووسەکان لەسەر پانتایی شار و ئاواییەکان، دەخزێت تا بشواتەوە هەرچی ناڕەوا و ناپاکی و زەبوونیە. ئێستا رێبازی ئینسانیە کە بێ هاوتا لە مێژوودا، جیهانی داگرتووە و لەبەرەبەیانی جیهاندایە کە ناوەکەی دەبێتە بانگەواز و رەنگدەداتەوە. ژنانی شێعر و شەراب و ئادینۆسەکانی سوور هاتوونەتە مەیدان. ئەدۆنیس تەنانەت دەڤەری حەماسەی خواکانی بەوانەی لەسەر زەوین سپاردووە، بە ریزی سوری، سوور پەیوەست بووە.

ئەدۆنیس ئەو منداڵە ژیکەڵانەیەی کە کاتی لە دایك بوون، لە لایەن ئافرۆدیس، خێوی ئەوین دەیرفێنێ و لە سندووقچەیەکدا بۆلای پرسیفۆنە، ئیلاهەی مەرگی دەبات تا لە ئەماندا بێت، ئەدۆنیس دەبووژێتەوە و رەگاژۆ دەکا لە کۆڵان و شەقامە نارازییەکانی سور.

خێوی مەرگی ئوستورە بەدخوو نیە، لە چەشنی خوای مەرگی ئێرانی ویلایەتی و سوری عەلەوی. خوای مەرگ بە ئیلاهیەتی مەرگەکەی، ژیان و ئەوین وەسف دەکا، ئوستورەی ئەدۆنیس دەژێنێتەوە. پرسیفونە، بەڵام خۆی لە گەڕاندنەوەی منداڵەکە دەبوێرێ.

ئەدۆنیسی ئوستورە، ئێستا لاوێکە لە نێوان دوو ئیلاهەی ئەوین و مەرگ، بە ناوبژیوانی زئووس، خێوی خواکان، ٦ مانگ لای پرسیفونە و ٦ مانگیش لە لای ئافرۆدیس دەبێ بمێنێتەوە. یەکانەی درندەی ئارتمیس، خوای راو و شکار و مانگ، پەلاماری ئەدۆنیس لە نێو دارستان دەدات، لە چەشنی بەرازەکانی بەشار و سەید عەلی، بەڵام ئافرۆدیس، ئەدۆنیس بە شێوەی "شید"ی کە لێهاتووە لە پرسیفوونە وەردەگرێتەوە و رزگاری دەکات. ئەدۆنیس دەبێتە خێو. لەو کاتەوە هەتا ئێستا، هەر ٦ مانگ لە لای پرسیفوونە دەمرێت و لە لای ئافرۆدیس یان عەشتاری سوری، دەبووژێتەوە و ئەم گۆرانکاریە و سوڕانی گیانی بێ گیان، بە ژیان و لە ژیانەوە بۆ گیانی بێ گیان پەیوەست دەبێت.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا، لە سەرەتای هەر ٦ مانگێك ئەدۆنیس، گیانی بەخت دەکا تا جارێکی دیکە بە شێوەی "شید" بۆ لای پرسیفوونە بگەڕێتەوە. مەگەر هیچ شتێك بێجگە لە گیانی بێ گیانی "شید" زیاتر نرخی نیە. ئەوەیکە ئەوین و ژیانی خۆش دەوێت، شیاو بوون و ژیان نیە. ئوستورەی ئەدۆنیس لە یونانەوە بۆ سوریە و هەموو رۆژێك لە سوریە دووپات دەبێتەوە. ئەدۆنیسەکان، لەسەر خاکی سوریە لە نێوان ئافرۆدیت، خاك، ژیان و ئازادی سەرهەڵدەدەنەوە و خوای مەرگ دەیانرفێنێت، بەڵام ماددەی زەوی دیانخولقێنێتەوە و لە رێگای دیالێکتیکەوە، سەر لە نوێ لە ناخی زەویدا سەر هەڵدەبڕنەوە و گیانیان دێتەوەبەر. بەمجۆرەیە نهێنی مانەوەی ئەدۆنیسەکان و زۆربەی ئەدۆنیسەکانی دوای ئەم هەمووە کوشت و برە. ئیرادەی ملکەچ نەبوون بۆ کۆیلەتی، بەسەر ئیرادەی خاوەن کۆیلەکان زاڵ دەبێت. لە دەرعا ئاسمانێکی تارولێڵ لە هەژاری لە دەرگا دەدات، گوللەی تۆپ و رێژنەی شەستیرە.

لە "هاوران" لەسەر خاکی گرکانی ئەم پێدەشتە، گەنم نارۆێت و کوردەکانی "قامیشلی" و جوتیاران و کرێکاران لە "دەیروزوور" بە جێگای بەرهەم، چەك و تەقەمەنی دەدروونەوە. لە ئاواییە هەژار نشینەکان، ئەوەی بەسەر زەویدا رەگاژۆی کردووە، کشت و کاڵ نیە، بەڵکو جەستەی منداڵان و ژنانە. دەنگ و ناڵەی سەر خەرمان، لە شیوەن و گریانی ستەم، ئەوکاتە بە خۆبەرێوەبەری و ئازادی ئارام دەبێتەوە کە لە پێدەشتە ئازادەکانی هاوبەشیەتی دوور و بەدەر لە شێخ و پاشا و وەلی گەندەڵ و ریا و تەزویر و زۆر، بەدوور و بەدەر لە نەزانی و زنجیری بیر و زەین و تێگەیشتن، ئەسپەکانی عەرەب، رزگار بوو لە کۆیلەتی و بارکێشی و ئاستەنگ، هاوار و ناڵەی شادی سەرکەوتن بەرز دەکەنەوە.

جێگەی سەرسوڕمانە کە لەم سەردەمەدا شاعیران بنووسن، سەیرە کە هێشتا قەسیدە هەیە و بە نێو ئاگر و دووکەڵدا، گوزەر دەکات و بە نێو پەردەکان و رەهەندەکان و کەلەبەرەکاندا تێپەڕ دەبێت. وەك ئەسپی "تازی".

سەیرە هەمیسان نووسین هەیە، سەرباری ئەوەیکە گەماڵەکان بۆن دەکەن. و لەگەڵ ئەوەیکە رواڵەتی وتوێژە نوێیەکان، دەتوانێ سەرەتای هەر شتێك بێت. "دەمێشق، حەمات، جەبەلە، لازقیە، دەرعا، حومس، بەیتوزوور، قامیشلی و تێکرای شام و حەڵەب"، لە ژانویەوە تا دێسامبری ٢٠١١ هەموو رۆژێك هەر هەینی:

بە ناوی هەر ئاخێزێك، لە هەینی عێزەت، جومعەی خۆراگری، هەینی گیانبەختکردوان، هەینی خەباتگێران.

هەینی ئازادیخوازان، جومعەی ئازادی، هەینی کەرامەت و منداڵان. جومعەی خەڵك و جەماوەری، هەینی نارەوایی، هەینی رووخان، جومعەی نا بۆ وتوویژ و جومعەی کۆڵنەدان و هەروەها جومعەکانی دیکە و هەر رۆژە کۆبوونەوە و بانگەواز، و هەموو رۆژێك هەر وەك گەڵای خەزان، لەسەر زەوی وەك شەستە باران رێژنەی گوللە و بۆمبا، بە تەور و تیری تەقەی سپا و ئاڵقە لە گوێیان و مرۆڤ کوژانی حکومەتی. لە سوریە، ئامبولانسەکان بە جێگەی رزگاری بریندارەکان، بۆ کوشتار هاتوونە مەیدان.

یەکێتی عەرەب دەمانکوژێت، حیزبوڵا سەرکوت دەکا و کۆماری ئیسلامی قەتلی عام.

هەروەها روسیە، چین، کۆرەی شومالی و هێزەکانی مالکی، سەرۆك وەزیری عێراقیش. گوللەکانی قازانج پەرەستان، شورای ئاسایشی دەوڵەتەکان لە رێکخراوی نێودەوڵەتی و کومیتەی مافی مرۆڤ، تەنیا لەسەر پەرەی پێنووس ئیدانە دەکەن و لەسەر زەوی دەمانکوژن. ئێستا لە شوێن ٦٠٠٠ خەڵتانی خوێن کراودا، چاودێرانی یەکێتی عەرەب بە گەڵاڵەی سەرکوت، بە بیمەنامەی سەرکوتگەری، بە سەرکردایەتی سەرلەشکر "ئەلدابی" ژنراڵی ژینۆسایدی سودان، ئەو هاورێ و هاوپیاڵەی بەشار و عومەر بەشیری "نەوەکوژ" هاتۆوە ناوبژیوانی بکات تا جینایەتکارانی دژ بە مرۆڤایەتی بە ئاکامێك بگەیێنێت. خۆری دەمێشق رەنگی خوێنی گرتووە. دەمێشقی خوێناوی، لەگەڵ خۆر لەسەر جەستەی شەلاڵی خوێنی ئەدۆنیسەکان ئەسرین دەرێژێت. "بابا عمرو" بە کۆڵانی خوێناویەوە هاوار دەکات، یارمەتیمان بدەن.!

لەگەڵ سوریە و دەرعاکەی، لەگەڵ ژنانی شێعر و حەماسەکەی، بە هیلاکی و تەنیاییەکەی، بە زام و برین و خوێنەکانیەوە، لەگەڵ نەونەمام "محەممەد عەروانی"یەکانی، لەگەڵ نزارەکەی دەخوێنینەوە:

"چاوەکانت دوایین بەلەمەکانن کە عەزمی سەفەر دەکەن، ئایا شوێنێنك هەیە؟"

ئەگەر رەوابێت ئەژنۆ لەسەر خاك دابندرێ، گەر رەوایە زەوی راموسین، ئەوە خاك و دەڤەری ئادینۆسەکانی سوریەیە. گەر رەوابێت کە رێز و ستایشی کەسێك بکرێت، ئەوە ئەدینۆسەکانی سورین. ئەی دەستەکانی هەڵوەدای ژیان، خەباتتان سەرکەوتوو بێت و فرێنتان سەربەرز.

** ئافرۆدیت (یونانی) و یان وێنوسی (رۆمی) ئیلاهەی ئەوین لە ئوستورەکانی یونان و رۆم. هەسارەی زۆهرە (لە روانگەی زانستی لە هەسارەکانی نێوان خۆر و زەوی. درەوشاوەترینی هەسارەی دوای مانگە.

**ن: عباس مەنسووران**

**وەرگێڕانی: جەلال حەسەن زادە**

***

# چی بەسەر زیندانیانی نەخۆشی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دێت؟



بەپێی ئەو گوزاشانەی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیەوە دەگەن، بارودۆخی زەندانیانی نەخۆش لە زیندانەکاندا گەلێک مەترسیدارە. زیندانەکانی ئێران پڕن لە زیندانیانێکی نەخۆش کە لە کەمترین چاودێری پزیشکی بەهرەمەند نین. لە نێو زیندانییە نەخۆشەکاندا، کەسانێک هەن کە پێویستیان بە خزمەتگوزاری خێرای پزیشکی و دەرمانی و چاودێری تایبەتە. بەڵام زیندانبانانی ئەم ڕژیمە، بە ئانقەست سەبارەت بە بارودۆخی خراپی جەستەیی ئەوان و ناردنیان بۆ نەخۆشخانە و ناوەندە درمانییە پێشکەوتووەکان لە دەروەی زیندان، بەتەواوی کەمتەرخەمن. بە پێی نوێترین هەواڵ سەبارەت بە هەلومەرجی دەرمانی زیندانییەکان، بەرپرسی بێهداری زیندانی ئێوین، لە دەستورێکدا ڕووبە دوکتورەکانی ئەم زیندانە، وتوویەتی کە لە ڕاگەیاندنی " بارودۆخی مەترسیدار" بۆ زیندانیانی سیاسی خۆببوێرن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بێهداری زیندانی ئێوین خاوەنی دوکتوری پسپۆڕ و کەرەسەی پێشکەوتوی پزیشکی پێویست بۆ یارمەتی گەیاندن بە زیندانیانی نەخۆش لەکاتی مەترسیداردا نییە. ئەم هەوڵە دژی ئینسانیەی بەرپرسی بێهداری زیندانی ئێوین لە حاڵێکدا بەرێوە دەچێت کە لە بە پێی یاسا، ڕاگەیاندنی "بارودۆخی مەترسیدار"، بەرپرسانی زیندان مولزەم دەکات کە زیندانی نەخۆش بۆ نەخۆشخانە بگوازرێنەوە. هەڵبەت ئەمە تەنیا زیندانی ئێوین نییە کە لە ناردنی ئەو زیندانییە نەخۆشانەی کە لە دۆخی مەترسیدار دان بۆ دەرەوەی زیندان، خۆدەبوێرێ. چەند ڕۆژ لەوەپێش، بەرپرسانی زیندانی مهابادیش زیندانیەکی نەخۆش بەناوی"عەلی چاک" کە لە ئاکامی وەشاندنی دەرزی لە بێهداری زیندانی مهاباد هەر دوو لاقی فەلەج بووە، بەجێگای دەرمان کردن و ناردنی بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان، ناردوە بۆ زیندانی ناوەندی ورمێ. پێویستە بەم کەمتەرخەمیە بە ئانقەستە پزیشکیانەوە، ئەو کەمتەرخەمیە بێهداشتیانەش کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی گەلێک نەخۆشی مەترسیدار و واگیردار زیادبکەین، تا بەڕوونی دەرکەوێ لە سلوولە تنگ و تاریکەکانی زیندان‌دا، چی بەسەر زیندانیانی نەخۆشدا دێت! بەپێی ئەو گوزاشانەی ڕۆژانە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیەوە دەگەنە دەرەوە، کەڵەکەبوونی جەماوەر، سلوولی تاریک و تەنگ، کەمتەرخەمی سەبارەت بە لایەنی بێهداشتی، بەدخۆراکی، بوونی گەلێک مێرو و حەشەرەی مەترسیدار، بڵاو بوونەوەی نەخۆشی واگیردار، بە شێوەیەک بارودۆخی زیندانەکانی نالەبار کردووە کە بەشی زۆری زیندانییەکان لەژێر ئاسەواری ئەم دوخەدا، بەرلە ڕزگاربوون لە زیندان، هەرلە زیندانەکاندا گیان لە دەست دەدەن و یان بە ڕۆحیە و ئەندامیکی لاواز و نەخۆش و سەدەمە دیتووەوە دێنەوە نێو کۆمەڵگا. هەرلە ڕێگای ئەم ڕاپۆرتانەوە دەکرێ بەم ڕاستیە بگەیەن کە زیندان لە کۆماری ئیسلامی دا، تەنیا گرتووخانیەک و ئەشکەجەگایەک بۆ زیندانیان نییە، بەڵکو شوێنی زەجر کۆژ کردنی کەسانێکیشە کە لە زیندان‌دا سەدەمەیان دیوە یان گیرۆدەی نەخۆشیەکی بێ چارەسەرن و یان لە زیندان‌دا تووشی نەخۆشیەکی واگیردار و مەترسیدار بوون. ئەمە ڕاستیەکی تاڵە کەسانێک کە دەورانێک لەو ناوەندە ئاوێتە بە نەخۆشی و بێ خزمەتگوزاری بێهداشتیانەدا بەسەر دەبەن، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک بەساخی و سڵامەتیش بێنەوە نێو کۆمەڵگا، نەک ئەوەی قەت لە دەست ئاسەوارەکانی ئەو سەردەمانە ڕزگار نابن، تەنانەت بە گەلێک نەخۆشی دژوار و گیانپڕوکێن و جاری واهەیە واگیرداریشەوە دەگەڕێنەوە. بەداخەوە هەر ئێستا لە زۆربەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، زۆربەی زیندانییەکان سەرەڕای ئاسەواری ئەشکەنجە و چەند نەخۆشیەکی کۆن و پڕلە ناسۆر، بەدەست نەخۆشییە مەترسیدارەکانی وەک سیل، ئیدز، هیپاتیت و هەموو جۆرە نەخۆشیەکی پێستیشەوە ئازار دەکێشن. لە بەشێک لە زیندانەکاندا بارودۆخی زیندانیەکان بە ڕادیەک خراپ و لەژێر هەڕەشە و نیگەرانیدایە کە بەردەوام ناوەندە نێو نەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و دیدەبانانی مافی زیندانیان، سەبارەت بەم گرفتە کاردنەوەیان نیشان داوە و ڕۆژانە ناوەرۆکی کۆنوانسیۆنی نێو نەتەوەیی مافی زیندانیان وەبیر ئەم ڕژیمە دێننەوە! بە پێی ناوەرۆکی ئەم کۆنوانسیۆنە، ئەرکی دوکتوری زیندانە ئاگاداری سڵامەتی جسمی و ڕەوانی زیندانیان بێت و پێویستە بەردەوام و بەشێوەی ڕۆژانە و بە دیقەتی زۆرەوە سەردانی گشت زیندانییە نەخۆشەکان لە هەر بەشێکی زیندان‌دا و لەهەر بارودۆخێکدابن بکات. ئەو زیندانیە نەخۆشانەش کە پێویستیان بە چاودێری تایبەتی و پسپۆڕییە، بگوازرێنەوە بۆ ناوەندە پزیشکی و دەرمانیە تایبەتەکانی دەرەوەی زیندان. ئەگەرچی بەرپرسانی دابینکردنی بێهداشت و سڵامەتی لە زیندانەکاندا، بە شاردنەوە و ڕەتکردنەوەی بارودۆخی نالەباری زیندانیان ڕاستی نێو زیندانەکان پەردەپۆش دەکەن، بەڵام ماوەیەکی زۆرە ئەم ڕاستیانە گەیشتونەتە دەرەوەی زیندان و ئاشکرا بووە کە لە نێو زیندانەکاندا، ئاستی خزمەتگوزارییە بێهداشتی و دەرمانیەکان نزیک لە سیفرە و پێڕاگەیشتنە پزیشکیەکان لە نزمترین ئاستی خۆیدایە و لە زۆر کاتدا ئاگاهانە نەخۆشەکان لە دەست ڕاگەیشتن بە دەرمان و خزمەتگوزاری پزیشکی بێبەش دەکەن. ئەم ڕاستیە کاتێک بۆ خەڵک و بنەماڵەی زیندانیان ئاشکراتر بوو کە لە سەرەتای ئەمساڵدا، دادستانی تاران لە کاردانەوە بە بارودۆخی پڕێش و ئازاری جەستەیی زیندانیەکی نەخۆش کە خزمەتگوزاری دەرمانی و پزیشکیان لێبڕیبوو بۆئەوەی بمرێت، وتبووی:" قەرار نییە هەموو ئەمانە بە ئێعدام کردن بکوژرێن." بەم شیوەیە دەبینین کە چۆن بەرپرسانی زیندانەکان بە ڕاگرتنی زیندانی لە شوێنی نا بێهداشتی و ئاوێتە بە نەخۆشیدا و بە بەبارمتە گرتنی دەرمانی ئەوان و بڕینی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری پزیشکی لێیان، مەرگی ئاوێتە بە ئەشکەنجەیان پێشدەخەن و ئاگاهانە هەوڵدەدەن بەشێک لەو زیندانیانە و بەتایبەتی زیندانیانی سیاسی بەم شێوەیە زەجرکۆژ بکەن. کۆماری ئیسلامی ئاگاهانە بەشێک لە زیندانیانی سیاسی نەخۆش بەڕادەیەک لە زیندان‌دا ڕادەگرێت، تا لەبێ دەرمانی و هەلومەرجی دژواری زیندان و کەمتەرخەمی تەوادا، بەئازارەوە جینگڵ بدەن و لە کۆتاییدا ئازارکوژ بکرێن.تا ئێستا بەدەیان زیندانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا و لە دەورە جۆراوجۆرەکاندا لە ئاکامی کەمتەرخەمی بە ئانقەست و بڕینی دەواو دەرمان لێیان ئازارکوژ کراون. هەر ئێستاش کەم نین ئەو زیندانیانەی کە نەخۆشن و پێویستیان بە چاودێری تایبەتی پزیشکیە و دەبێ لەدەرەوەی زیندان بکەوەنەبەر مداوای خێرای پزیشکی پسپۆڕ بە نەخۆشیەکەیان. ڕەزا شەهابی هەڵسوڕاوی کرێکاری و ئەندامی هەیئەت مودیرەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید یەکێک لەوانەیە کە بەدەست چەندین نەخۆشی دژوارەوە ئازار دەچێژێ. هەرلەم قەتڵگایەی کۆماری ئیسلامی دا زیندانیانێک هەن کە گیرۆدەی "ئیم ئێس" ن. هەندێک نەخۆشی کە تەنانەت لە دەرەوەی زیندان و لەژێر چاودێری تایبەتیشدا ناتواندرێ گونجاوترین هەلومەرجی ژیان و مداوایان بۆ دابین بکریت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بەهەر شێوەیەک ئوسول و مەوازینی جێکەوتوو و ستانداردی بێهداشتی لە زیندانەکاندا لەبەرچاو نەگیرێت، وەک ئەشکەنجە چاوی لێدەکرێ و ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەمرۆ لە ڕاستای تێکشکاندنی ڕۆح و گیانی زیندانیدا و ترساندنی کۆمەڵگا ئەم جۆرە لە ئەشکەنجەش پەیڕەو دەکات، لە دوارۆژی شۆڕش و ڕاپەڕیندا دەبێ لەبەردەم دادگای جەماوەری خەڵکدا وڵامدەرەوە بێت.

***

# کێ تاوانی گەمارۆ ئابووریەکان دەدات؟

دوابەدوای پەسەند کرانی بڕیارنامەی" شوڕای حوکام" سەبارەت بە گەمارۆ ئابووریەکانی دژ بە ئێران لە ١٨ی نوامبری ساڵی ڕابردوودا، ڕۆژ بە ڕۆژ بازنەی گەمارۆی ئابووری لە دژی ئەم وڵاتە بەرتەسکتر و لایەنە جۆراو جۆرەکانی ئەم بایکۆتە بەرینتر دەبێتەوە. بە زیادبوونی هەر جارە بایکۆت، شۆکێک لە سیستمی ئابووری داڕووخاوی ئێران دەدرێت و بەشێکی دیکە لە پیشەسازی و ناوەندێکی دیکەی کار دادەخرێ و لە ئاکامدا ئاماری بێکاری دەچێتە سەرەوە، نرخ و هەزینەکانی پێداویستییەکانی ژیان گران دەبن و توانایی کڕین و ئاستی ژیانی جەماوەری کرێکار و توێژی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵگا دەێتە خوارەوە.بە مۆرکردنی بڕیاری بایکۆتی بانکی ناوەندی ئێران لە لایەن ئوباماوە، ئامادەکاری بۆ گەمارۆ خستنەسەر نەوتی ئێران لە لایەن دەوڵەتی ئامریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە چۆتە قۆناغێکی نوێوە. لەگەڵ ئەوەی هەموو کەس دەزانێ کە بایکۆتی گرینترین بەرهەمی سادراتی ئێران هاوکاتە لەگەڵ خراپتر بوونی بارودۆخی ئابووری و سەپاندنی هەلومەرجی دژوارتر بەسەر ژیانی خەڵکدا، بەڵام دەوڵەتانی گەمارۆدەر ئەم چەشنە کردەوانە بە کاردانەوەیەکی سروشتی لە بەرانبەر هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ هەوڵی پیتاندنی ئەتۆمی لە قەڵەم دەدەن و ئەم کردەوە دژی ئینسانیانەی خۆیان، نێودەنێن تەمبێکردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی کە ڕازی مانەوەی لە درێژە و بەردەوامی قەیران و کێشمەکێشی لەم جۆرەدا دەبینێ، سەرەڕای گشت ئاکامەکانی گەمارۆی ئابووری، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خەریکە ڕێژەی بەرەوپێش چوونی پرۆژە ئەتۆمیەکەی لەوەی هەیە گەورەتر دەکاتەوە. ئەم ڕژیمە لە نیوەی یەکەمی مانگی ژانویەی ساڵی نوێی زایینیەوە وەکار خستنی دامەزراوەی ژێر زەمینی "فەردو" لە نزیک قوم ی کە بە وتەی خۆی دەتوانێ ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ٢٠ لەسەد بەرهەم بێنێ، ڕاگەیاند. بە ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە بوو کە کاتی کۆبوونەوەی وەزیرانی یەکێتی ئوروپا سەبارەت بە سەپاندنی گەمارۆی نوێتر و زیاتریان حەوتوویەک پێشخست و بڕیارە تا کەمتر لە دوو حەوتوی دیکە واتا( ٢٣ ی ژانویە) بڕیاری جیددی تر لەدژی ئێران دەربکرێ. کۆماری ئیسلامی کە لەهەر کێشمەکێشێکدا لەگەڵ ڕۆژئاوا بەهرەبەرداریەکی ناوخۆیی دیاریکراوی لێدەکات، سەپاندنی گەمارۆکانی کردۆتە بیانوو بۆ ئەوەی نە تەنیا وڵام بە هیچ نیاز و داواکاریەکی خەڵک نداتەوە، بەڵکو هەر نارەزایەتیەکی سەرچاوە گرتوو، بە هۆی ئەو گەمارۆیانە، بەتوندی سەرکوت بکات. ڕژیم کە دەزانێ لەگەڵ گەمارۆی نەوتی دا دەکەوێتە بارودۆخێکی لاوازترەوە بە سیناریۆی داخستنی تنگەی "هۆرمۆز" و وەڕێخستنی شەڕێکی ڕەوانی هاتۆتە مەیدانەوە تا لە ڕێگای ئەم جۆرە مانۆڕانەوە لە لایەکەوە ڕۆحیەی هێزە نیزامیەکانی بەرێتە سەرەوە و لە لایەکی دیکەوە بە نیزامی کردنی فەزای کۆمەڵگا، کەش وهەوای ترس و خۆف پەرە پێبدات. هەرچەند مەبەستی هاوبەشی ڕۆژئاوا دژ بە ئێران، بە مەبەستی ملکەچکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی هەوڵە نیزامیە ئەتۆمیەکانی پێناسە دەکرێن، بەڵام سەرۆکی وڵاتانی گەمارۆدەر خۆیان لەهەر کەسێکی دیکە باشتر دەزانن کە قوربانیانی کردەوەکانیان چ کەسانێکن. ئەوان دەزانن کە کۆماری ئیسلامی بەم کردەوانە، نەدەست لە هەوڵە هەستەییەکانی دەکێشێتەوە و نە نیگەرانی هەلومەرجی مان و نەمانی ژیانی خەڵکە. خەڵک کە ئاگاداری ناوەرۆکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەی کێشە سیاسیەکانی نێوان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزە ڕۆژئاواییەکانن و مەبەستی پشتی پەردەی ئەوان دەناسن، وێڕای ئیدانەکردنی پرۆژە ئەتۆمیەکەی ڕژیمی ئیسلامی و چەکە کۆمەڵکوژییەکانی، بە دەنگی بەرز ڕووبە ڕۆژئاواش ڕادەگەیەنن کە ئەگەر بەڕاستی نیگەرانی ئەمنیەتی مرۆڤایەتین و جەنایەتی کۆماری ئیسلامیتان بۆ تەحەمول ناکرێ، چۆنە و بۆچێ حوزور و نوێنەرایەتی سیاسی ئەم ڕژیمەتان لە ناوەند و شوێنە نێونەتەوەییەکاندا بۆ تەحمول دەکرێت؟ بۆچی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی دەرناکەن؟ بۆچی سفارەتخانە و کونسولگەریەکانی لە وڵاتەکانتان داناخەن؟ بۆچی پەروەندە ترۆریستییەکانی ناخەنە بەردەست دادگا نێونەتەوەییەکان؟ بۆچی چەک و کەرەسەی نیزامی و ئامرازی ئەشکەنجەی پێ دەفردشن؟ بۆچی سەبارەت بە کۆمەڵکوژی بەهەزاران زیندانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ ی هەتاویدا لە لایەن ئەم ڕژیمەوە بەدوادا چوون ناکەن؟ خەڵک ئاگادار و شارەزای ڕیاکاریەکانی ئامرێکا و ڕۆژئاوا و مەبەستی ئەوان لە گەمارۆکانن و لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەوە جەماوەری خەڵکەن کە لە ئاکامی ئەم گەمارۆیانەی ئامریکا و ڕۆژئاوادا چەند پلەی دیکە دەخزێنە خوار هێڵی هەژاریەوە، ئەوە جەماوەری خەڵکن کە لە ئاکامی بایکۆت و گەمارۆی زیاتردا، ڕنج و ئازارێکی زۆرتر دەچێژن.

لە ڕاستیدا ئەوە جەماوەری خەڵک و کرێکارانن کە لە ئاکامی ئەم گەمارۆیانەدا، هەلومەرجی هێرشی سەرمایە بۆسەر ئاستی کار و ژیانیان پەرەدەستێنێ، بێهداشت و دەرمانیان کەمدەبێتەوە و دەست ناکەوێ، نان و حەقدەستیان بە بارمتە دەگیرێ و لە بەر هەژاری و بێکاری و برسیەتی لەناو دەچن و ئازارە جۆراوجۆرەکانی برسیەتی و نەداری دەگوێزنەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان.

ئەم گەمارۆیانە وێڕای سەپاندنی گشت ئەم نەهامەتیانە بەسەر خەڵکدا، لە هەمان حاڵدا مەجالی بەهرەبەرداری سیاسی تایبەت بۆ کۆماری ئسیلامیش دەرەخسێنێ. بەهانەی ئەوەی دەست دەکەوێ کە تاوانی تێکڕمانی هەرچی زیاتری ئابوورییە وێرانەکەی کە بەر لەم گەمارۆیانەش لەحاڵی لێک هەڵوەشاندا بوو، دەخاتە ئەستۆی بایکۆت و گەمارۆکانەوە. بە بیانووی دوژمنی دەرکییەوە کردەوەی سەرکوتگەرانەی لە ناوخۆی وڵاتدا دژبە خەڵکی ناڕازی و نەیارانی سیاسی خۆی توندتر دەکاتەوە. بە وەڕێخستنی هەراو هوریا و لە ژێر ناوی هەڕەشەی بێناوەرۆکدا، کاردەکاتە سەر کێشە نێوخۆییەکانی نێو دەسەڵات.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە سەپاندنی ئەم جۆرە گەمارۆیانە زیاتر لەوەی کە ببنە هۆکاری گوشار بۆسەر ڕژیم، زەخت و گوشاری زیاتر دەخەنە سەر خەڵکی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵگا. نابێت خەڵک ببنە قوربانی ئاکامی کێشمەکێشەکانی ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامی و تەنیا ڕێگای ڕزگاربونیشیان لە گرەوی خەباتێکی ڕێکخراو و یەکگرتوانەدایە. تەنیا لەم ڕێگایەوە دەکرێ کۆتایی بە هەموو ئەو ڕەنج و ئازار و نەهامەتیانە بێت کە کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوویەتی. ڕووخاندنی کۆماری ئیسلای سەرتای ئەم دەست پێکەیە.



***

## ناڕەزایەتی دژ بە نەدرانی حەقدەستەکان لە شیرکەتی فڕۆکەوانی "ئێران ئایر"



سەرەڕای تێپەڕ بوونی چەندین ڕۆژ لە کۆتایی مانگی بەفرانبار، زیاتر لە ٨ هەزار کرێکاری شیرکەتی فڕۆکەوانی "ئێران ئایر"، حەقدەست و مافی زێدەکاریان وەرنەگرتووە کە بۆتە هۆی ناڕەزایەتی ئەوان. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی جێگیر لە فڕۆکەخانەکانی "مێهرئاباد و خومەینی" تاران بە چوون بۆ لای خاوەنکار، خوازیاری دەست بەجێی حەقدەستەکانیان بوون. بەڵام خاوەنکار و دەست و پێوەندەکانی حکومەتی لە شیرکەتی "ئێران ئایر" بێجگە لە هەڕەشە و وەڵامی سەرپێی و بەڵێنی درۆینەی وەك نەبوونی نەقدینەگی و چوونەسەرەوەی لەرادەبەدەری هەزینەکانی شیرکەت، هیچی دیکەیان تەحویلی کرێکاران نەداوە.

***

## نەدرانی حەقدەستە وەدواخراوەکان لە کارخانەی "ڕستن و چنینی پەڕریس"

سەرەڕای وەڕێخستنی مانگرتن لە لایەن کرێکارانی لە سەر کار لە کارخانەی ڕستن و چنینی پەڕریس، خاوەنکار لە دانی ٨ مانگ حەقدەستە وەدواخراوەکانیان خۆی دەبوێریت. بە پێی ڕاپۆرتی بڵاوکراوە، دوابەدوای مانگرتنی یەك ڕۆژەی کرێکارانی کارخانەی "ڕستن و چنینی پەڕریس" لە مانگی ١ی سەرماوەزدا، خاوەنکار ناچار بوو بڕی یەك مانگ حەقدەست و جێژنانە و پاداشی ساڵی ڕابردووی ئەم کرێکارانە پەرداخت بکات. بەڵام خاوەنکاری ئەم کارخانەیە، هەروەها لە دانی ٨ مانگ حەقدەستە وەدواخراوەکانی کرێکاران خۆیدەپارێزیت و لە بەرامبەر ناڕەزایەتی کرێکاران بۆ پەرداختی حەقدەستەکانیان ڕایگەیاندووە: پوڵی نییە و هەر کەسیش نایهەوێت کار بکات، بڕوات.

***

## چوونەسەرەوەی ٤٠٠ لەسەدی هەزینەی نەخۆشخانەکان لە ئێران



بە وتەی کاربەدەستانی وەزارەتی بێهداشتی ڕژیم، لە ئاکامی بەکردەوە دەرهێنانی لابردنی یارانەکان، هەزینەی نەخۆشخانەکانی تایبەتی و دەوڵەتی بە ڕێژەی ٤٠٠ لەسەد چووتەسەرەوە. بە وتەی "مەحمود تەباتەبایی"، ڕاوێژکاری وەزیری بێهداشت لە کاروباری تەندروستی، ڕێژەی هێندێك لە قەبزی نەخۆشخانەکان ٤٠٠ لەسەد بەرزبووتەوە. هەروەها لە سەرەتای ساڵەوە، هەزینەی مەوادی غەزایی، دەرمان و بەتایبەت کەل و پەلی پزشکی بە گشتی و بە شێوەی نێونجی بۆ هەزینەی نەخۆشخانەکانی وڵات، نزیك بە ١٦٠ لەسەد زیادی کردووە.

***

## چوونەسەرەوەی نیگەرانی و ناڕەزایەتی دژ بە شەپۆلی ئێعدامەکان لە عێراق

هاوکات لەگەڵ پەرەگرتنی دەرکردنی حوکمی ئێعدام و بەکردەوە دەرهاتنی ئەم حوکمانە لە عێراق، ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و دەوڵەتی ئاڵمان، وێڕای دەربڕینی نیگەرانی خوازیاری کۆتایی هێنان بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام و بە کردەوە دەرهاتنی بوون. نیگەرانیەکان سەبارەت بە پەرەگرتنی شەپۆلی ئێعدامەکان لە عێراق دوابەدوای بە کردەوە دەرهاتنی ٣٤ حوکمی ئێعدام لە ڕۆژی ١٩ی مانگی ژانویەی ئەمساڵ بە توندی چووەتە سەرەوە. بە پێی ڕاپۆرتەکان لە ڕۆژی ١٦ی مانگی نۆڤامبری ساڵی ڕابردووە تا ئێستا، لانیکەم ٦٣ حوکمی ئێعدام لە عێراق بە کردەوە دەرهاتووە و سزای ئێعدام سەبارەت بە ٤٨ جۆر جورمی وەك کاولکردنی ئەموالی گشتی، دەرچووە و بە کردەوە دەرهاتووە.

***

## درێژەی تەقینەوەکان لە بەغدا



لە ئاکامی تەقینەوەی ماشێنێکی بۆمبڕێژکراو لە ناوچەی "زەعفەرانیە"ی بەغدا، ٢٨ کوژراو و ٥٠ برینداری لێکەوتەوە. سەرچاوەیەکی ئەمنیەتی عێراقی دەڵێت: ئەم تەقینەوە لە نزیکی نەخۆشخانەیەك هاتە ئاراوە، کە نزیکەی ١٥٠ کەس بە مەبەستی بەشداری لە ڕێورەسمی ئەسپەردە کردنی تەرمی ٣ کەس کۆببوونەوە. جێگای ئاماژەیە ڕۆژی پێنجشەممەش لە ڕووداوی جیاجیا، لە شاری بەغدا و لە هێندێك لە شارەکانی عێراق، لانیکەم ٢٠ کەس کوژراون و دەیان کەسیش بریندار بوون.

***

## درێژەی سەرکوتی خوێناوی ناڕازییان لە سوریە

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری ئاڵمان، ڕۆژی شەممە ٨ی مانگی ڕێبەندان، نەیارانی ڕژیمی سوریە هەواڵی کوژرانی ١١ کەسیان لە دەوروبەری شاری دەمیشق لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە ڕاگەیاندووە. سەرچاوەکانی سەر بە نەیارانی دەوڵەت ڕایانگەیاندووە کە، ڕۆژی شەممە هێزە ئەمنیەتیەکان و ئەرتەشی سوریە شارەکانی "حەما و حومس" و ناوچەگەلێك لە "دەمیشق"یان کردووەتە ئامانجی عەمەلیاتی خۆیان لە دژی ناڕازییان. بە پێی ڕاپۆری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە سەرەتای دەستپێکی ناڕەزایەتییە دژە حکومەتییەکانەوە لە سوریە، تا ئێستا زیاتر لە پێنج هەزار و ٦٠٠ کەس کوژراون. لە ڕووداوێکی دیکەدا، یەکێك لە نەیارانی سوری لە شاری حومس لە وتوویژ لەگەڵ تەلەویزیونی ئەلعەرەبییە، خوازیاری گۆڕینەوەی "سەرهەنگ حوسێن هەرموش" لەگەڵ دەستبەسەر کراوانی ئێرانی بووە. ئەم نەیارە سورییە بە پێداگری لەسەر دان پێدانانی ئێرانیانی دەستبەسەر کراو سەبارەت بە هاوکاری لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکانی سوریە ڕایگەیاند، ئەرتەشی ئازادی سوریە حازرە ٧ دەستبەسەر کراوی ئێرانی لەگەڵ "حوسێن هەرموش" بگۆڕێتەوە. "سەرهەنگ حوسێن هەرموش" پاش ناڕەزایەتی بە سەرکوتی ناڕازییان لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

***

## بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانی ئێعترازی لە قەزاقستان



دوابەدوای بانگهێشتی حیزبی سوسیال دموکراتی قەزاقستان بۆ بەشداری خەڵك لە ڕێپێوانی ئێعترازی بە سیاسەتەکانی دەوڵەت، ژمارەیەکی زۆر لە مەیدانی ناوەندی شاری "ئالماتی" کۆبوونەوە. حیزبی سوسیال دیمۆکرات خوازیاری بەشداری خەڵك لەم خۆپیشاندانە لە ناڕەزایەتی بە تەقەلوب لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی و کوشتاری کرێکارانی و خەڵکی شاری "ژان ئۆزۆن" و سەرکوتە سیاسییەکان لەم وڵاتەیە. خۆپیشاندەران هەروەها خوازیاری ئازادی "کازلوف" ڕێبەری حیزبی سوسیال دمکرات و ئازادی زیندانیانی سیاسی و تاوتوێ کردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی لە قەزاقستان بوون.

***

## ڕاگرتنی معاملەی دانەوێڵە لەگەڵ ئێران لە لایەن بانکە ئوروپاییەکان

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری "ڕویتێرز" دوابەدوای سەپاندنی گەمارۆکانی یەکێتی ئوروپا لە دژی کۆماری ئیسلامی، بانکە گەورەکان لەم یەکێتیە، معاملەی دانەوێڵەیان لەگەڵ ئێران ڕاگرت. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، بانکە گەورەکان لە یەکێتی ئوروپا ڕێگای هاوردەکردنی بەرهەمی کەشاوەرزی بۆ ئێرانیان بەستووە و لەمەوبەدوا هەر معاملەیێکی نوێ دەبێت بە ڕێژەیەکی کەم ئەنجام بدرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئێران لە هاوردەکانی گەورەی "زۆرت" لە جیهان بە ئەژمار دێت. هەروەها بە وتەی شورای نێونەتەوەیی دانەوێڵە، ئێران ساڵانە ٤ و نیو ملیون تۆن دانەوێڵە هاوردە دەکات و ٣ و نیو ملیون تۆن لە کڕینی ساڵانەی دانەوێڵەی ئێران بۆ هاوردەکردنی "زۆرت" تەرخان دەکرێت.

***

## بەڵگەی نوێ سەبارەت بە ئەشکەنجە لە زیندانەکانی لیبی



بە پێی ڕاپۆرتی بی بی سی، نوێترین بەڵگەکان دەریدەخەن کە لایەنگرانی "موعەمەر قەزافی" لە زیندانەکان دا ئەشکەنجە دەدرێن. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، زیندانیانی ناوەندێکی نیزامی لە شاری "مێسراتە" شەلاقیان لێدراوە و بە شوکی ئێلکتریکی ئەشکەنجە دراون. سازمانی پزیشکانی بێ سنووریش پێشتر لە ناڕەزایەتی بەم کارە، چالاکییەکانی خۆی لە شاری مێسراتە هەڵپەسارد. ئەم ڕێکخراوە پاش چارەسەر کردنی ١١٥ کەس لە مێسراتە کە بە هۆی ئەشکەنجەوە بریندار کرابوون، بڕیاری دا کە خەدماتی پزیشکی خۆی لەو شارە هەڵپەسێرێت.

***

**پێشڕەو**

**ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**ئێدیتۆر:**
**ئیبراهیم عەلیزادە**

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**Add:** Sulimania_Zrguez

**Tel:**
009647701567854
009647710259353

**E-mail:**
Komalah@komalah.org

**Web:**
http://www.komalah.org/

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden

**Tel/Fax:** 4608868054

**E-mail:**
cpi@cpiran.org

**Web:** www.cpiran.org

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق**

**Add:** Sulimania-Rzgary

**Tel:** 3300657 - 3300561

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات**

**Tel/Fax:** +46-18-46 84 93

**E-mail:**
komala@cpiran.org

**تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە**

**Hotbird**
**Freq:** 11642
**Pol:** H
**Sym:** 27500
**Fec:** 3/4

**Web:**
http://www.tvkomala.com/

**ڕادیوکان:**

بەرنامەی ڕادیوەکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیو کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی هاتبێرد بەدوای تەوابوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

Workers of all countries, unite!

# PESHRAW

No: 304-Jun 2012

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah



# پیرۆز بێت ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە ڕۆژی کرانەوەی ئاسۆی ڕزگاریبەخشی سۆسیالیستییە، بەرەو ڕووی حەرەکەتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان.

ڕۆژی کرانەوەی دەروازەیەکی نوێییە بەرەو ڕووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە خەباتی عادڵانە و ڕەوایاندا لە دژی دیکتاتۆریی و ستەم.

ڕۆژی کۆمەڵە، ڕەمزی دەستپێکردنی خەباتی بێ پسانەوە و پەیگیری کرێکارانی وشیار و پێشرەوی کوردستانە لە پێناو مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و لە پێناو ئازادی و بەرابەری ڕاستەقینەدا.

**هەر شکاوە بێت ئالای سووری کۆمەڵە**

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومۆنیستی ئێران سەبارەت بە شانۆگەری هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی

کەمتر لە دوو مانگ بۆ هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی ماوە. سەرانی ڕژیم تائێستا چەندین جار ئەم" هەڵبژاردنە"یان بە مەسەلەیەکی ئەمنیەتی ناولێبردووە و هەوڵە ئەمنیەتیەکانی خۆشیان لەم بوارەدا چڕتر کردۆتەوە. ئەگەرچی سەرانی ڕژیم ئەمنیەتی بوونی شانۆگەری هەڵبژاردنی دەورەی نۆیەمی مەجلیس بە کێشمەکێشی نێوان باڵەکانی نێوخۆی ڕژیم و جموجۆڵی ڕیفۆڕم خوازەکان لەبەرانبەر باڵی دەسەڵاتداردا پەیوەند دەدەنەوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەستیار بوونی ئەم بەناو هەڵبژاردنە پەیوەندی بە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانەوە هەیە و تەنانەت کێشەی باڵەکانی حکومەتیش لەژێر کاردانەوەی نیگەرانیەکانی ڕژیم سەبارەت بەم بارودۆخە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو دەچێتە پێشەوە.ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا لە هەڵبژاردنی مەجلیس نزیک دەبێتەوە کە قەیرانی ئابووری لەژێر کاریگەری توندتر بوونەوەی گەمارۆ ئابووریەکان و تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر بەکردەوە دەرهاتنی سیاسەتی لابردنی یارانەکان زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە شوێنەواری وێرانگەری لە سەر کارو ژیان و بەرێچوونی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش داناوە. سیاسەتەکانی ڕژیم بۆ کۆنتڕۆلکردنی ئەم قەیرانە، ئاستی بێکاری و تەوەڕوم وە هەروەها چونەسەرەوەی نرخی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری گەلێك بردۆتەسەرەوە و بەملیۆن بنەماڵەی کرێکاری ئاستی بەرێچون و ژیانیان بەرەو ژێر هێڵی هەژاریدا پاڵپێوەناوە. ئەم بارودۆخە فەلاکەتبارە ئابووریی و بێبەشیە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە کاردیان گەیاندۆتە سەر ئێسقان و هەلومەرجی ژیانی بۆ زۆربەی خەڵکی ئێران بەچەشنێك نالەبار کردوە کە شیاوی تەحەمول کردن نییە و نزیکە لە تەقینەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی. لەسەر بەستێنی ئەم بارودۆخە، نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری پەرەی سەندوەو مەترسی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی گشت باڵەکانی ڕژیمی نوقمی ترس و نیگەرانی بەردەوام لەوەها تەقینەوەیەك کردوە. ئەم بارودۆخە لە نێوخۆی وڵات لە حاڵێکدایە کە شەپۆلی ئاخێزە شۆڕشگێڕانەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شومالی ئافریقا ورەی خەباتکارانە و هیوا بە ئاڵوگۆڕی بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بێبەشی لە دڵی خەڵکی ئێرانیشدا زیندوو و گەشەدار هێشتووەتەوە. هەرئەم هۆکار و فاکتەرانەن کە" هەڵبژاردن"ی مەجلیسی کردۆتە مەسەلەیەکی ئەمنیەتی بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی.سەرانی باڵەکانی ڕژیم بە باشی لە بیریانە خەڵکی نارازی کە لە کاتی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا بەشدارییان لە شەقامەکاندا تەحەمول کرابوو، بە چ شێوەیەك پاش ئاشکرا بوونی کودتای هەڵبژاردنی سپای پاسداران، هێزی ملیۆنی خۆیان لە خۆپیشاندانی گەورەی خیابانیدا نیشاندا و وێڕای تێپەڕ کردنی دروشمی ڕیفۆرم خوازە حکومەتیەکان، دژ بە سەرتاپای ڕژیم دروشمیان بەرز کردەوە. لەم ڕوەوە لەم دەورەیەشدا کاتی ڕکەبەرایەتی لەسەر داگیر کردنی کورسیەکانی مەجلیس بە تەواوی ئاگایان لەوەیە کە نەکا لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسدا کەلێنێك بۆ خۆ دەرخستنی جەماوەریی خەڵك بێتە ئاراوە. بەڵام بەم حاڵەشەوە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەهۆی تەریك کەوتنەوەی نێونەتەوەیی و لە ژێر کاردانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕ و روداوانەی کەئێستا لە ناوچەکەدا لە ئارادان و لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی بایکۆتی " هەڵبژاردن" لەلایەن بەشێك لە ڕیفۆرم خوازانی حکومەتیەوە، لەهەر سەردەمێکی دیکە زیاتر پێویستی بە شانۆگەری شەرعیەتدان بە خۆی و گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردنە. ناکۆکی نێوان دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کە لەم دەورەی دواییدا لەلایەن پاڕلمانەوە ڕووبەڕووی هەندێك کۆسپ و تەگەرە بووەتەوە و لە بەرانبەریاندا ڕاوەستا ، ئەو مەلایانەی کە دەوری خامنەییان داوە و لە هەوڵی ئەوەدان تا سەنگەری مەجلیس بۆ پاراستنی جێگا و شوێنی خۆیان لە دەسەڵاتدا لە دەست نەدەن، ناوەرۆکی بەربەرەکانێی هەڵبژاردنی ئەم دەورەیەی مەجلیس پێك دێنن. بەڵام سپای پاسداران وەك ڕێکخراوەیەك کە بۆشایی حیزبێکی سیاسی لە دەسەڵاتدا پڕکردۆتەوە و بە کردەوە توانایی مودیریەتی ئەم شانۆگەری هەڵبژاردنەی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە پێویستی بە قایمکردنی جێگاوشوێنی خۆی لە پەڕلماندایە، بە هیچ شێوەیەکیش نایەوێت تیغی جەڕاحی بە پەیکەری لاوازی کۆماری ئیسلامی دا بکا و باڵەکانی ڕکەبەر بە تەواوی لە دەستەبەرکردنی چەند کورسیەکی دیاریکراوی پاڕلمان بێبەش بکات. خەڵکیش لە مەودای ئەزموونی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتوە کە باڵە حکومەتیەکان سەرەڕای دژایەتیەکی ڕاستەقینە کە لە سیاسەت و ڕوانگە و ستراتیژیاندا سەبارەت بە پاراستنی نیزام هەیانە، بەردەوام بە شێوەیەك هەڵس و کەوت دەکەن کە بنەما سەرەکیەکانی ڕژیم لاواز نەکەن. لە دەورەی ڕابردودا دیمان کە ڕیفۆڕمخوازانی حکومەتی چلۆن کاتێك بینیان تەواوەتی نیزام کەوتۆتە ژێر پرسیار و گوشاری جەماوەرەوە، بەقیمەتی لادانی خۆیان لە هاودەنگ بوون لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕادیکاڵی جەماوەری کشانەوە. بەم پێیە لەم" هەڵبژاردن"ەشدا بە پێچەوانەی شانۆگەری دەورەی دەیەمی سەرۆك کۆماری باسێك لە کارناواڵی هەڵبژاردن و منازرەی پڕهەراو هوریای تەلەویزیۆنی بۆ ڕاکێشانی خەڵك بەرەو سندوقەکانی دەنگدان لە ئارادا نابێت. گشت دیاردەکان دەری دەخەن کە دەکرێ شانۆگەری بەناو هەڵبژاردن بکرێتە شانۆی ڕیسوایی ڕژیم.




### کرێکاران! خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

ئێوە بەباشی دەزانن لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا، خەبەرێک لە ئازادی ڕاو بۆچوون و ئازادی ڕاگەیاندن لە گۆڕێدا نییە، ئێوە دەزانن لە ژێر دەسەڵاتداریەتی ئەم ڕژیمەدا ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراو و حیزبی سیاسی بوونی نییە، ئێوە دەزانن کە لە ئێراندا سەرەتاییترین ئازادیەکان لە خەڵک سەندراونەتەوە و هەوڵی هەڵسوڕاوانی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دیفاع لە مافی کرێکاران و زۆرلێکراوانی کۆمەڵگا و هەرچەشنە دەنگێکی مافخوازانە بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام وەڵام دەدرێتەوە. ئێوە دەزانن کە ئەم ڕژیمە تەنانەت ڕێگای بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی لەو ڕیفۆڕمخوازانەش بەستوە کە هەوڵیان پاراستنی ڕژیمی ئیسلامییە و توانایی تەحەمولکردنی ئەوانیشی نییە. ئێوە خەڵکی ئێران دەزانن لەگەڵ چاودێریی سەپێندراوی (نزارەتی ئیستسوابی) شوڕای نیگەهبان و دەیان فیلتێری سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی دیکەدا، هەڵبژاردن لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ مانایەکی نییە. ئێوە دەزانن، لە هەلومەرجێکدا کە فڕوفێڵ، ساختەکاری و درۆ هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، سێبەری خستۆتە سەر پڕۆسەی بە ناو هەڵبژاردن، میکانیزمی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی دا، تەنانەت بە نزمترین پێوانەی باو لە سیستمە پاڕلمانیەکانی دنیای سەرمایەداریشدا، هیچ پەیوەندیەکی بە بەشداری خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگادا نییە. لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی مەجلیسدا باڵەکانی نێو حکومەت دەیانهەوێ مۆری مەشروعیەت لە درێژەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی بدەن. ڕوون و ئاشکرایە کە ماهیەت و ناوەرۆکی شەڕ و کێشمەکێشی باڵەکانی نێو ڕژیم هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە نییە. مەبەست و ستراتیژی هەموویان، زامنکردنی مانەوە و درێژەی دەسەڵاتداریەتی جەنایەتکارانەی کۆماری ئیسلامییە. ئەوەی کە کاندیدەکانی سەر بەکام باڵ زۆرینەی کورسیەکانی پاڕلمان دەباتەوە و داگیریدەکات بۆ کرێکاران و خەڵکی وەگیان هاتوو جیاوازیەکی نییە. کرێکاران و خەڵکی ئێران کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیان تەجرەبە کردوە، دەزانن کە بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بەمانای شەرعیەتدانە بە ڕژیمێک کە لەڕێگای سەرکوتی وەحشیانەوە درێژەی بە دەسەڵاتداریەتی خۆی داوە. دنگدان بە مانای شەرعیەتدانە بە بێ مافی کرێکاران، شەرعیەتدانە بە حەقدەستی ٣ جار کەمتر لەخوار هێڵی هەژاری، شەرعیەتدانە بە درێژەدان بە شەپۆلی ئێعدام کردنەکان، شەرعیەتدانە بە سیاسەتی پەیڕەوکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و سووکایەتی کردن بە ژنان، دەنگدان و بەشداری کردن لە شانۆگەری هەڵبژاردن بە مانای شەرعیەتدانە بە درێژەدان بە ستەمکاری و زۆرداری نەتەوەیی، شەرعیەتدانە بە حاکمیەتی بیر وباوڕی کۆنەپەرەستانەی مەزهەبی، شەرعیەتدانە بە پێشێل کردنی مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی لاوان، و شەرعیەتدانە بە هەزار و یەک پێشێلکاری و بێ مافی دیکە.

### خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

ئەگەر خوازیاری کۆتایی هێنان بەم بێ مافیانەن، ئەگەر خوازیاری ئازادی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئاسوودەن، و سوورن لەسەر درێژەدان بە خەبات لە پێناو باشتر بوونی دۆخی ژیان و بەرێچوونی خۆتان، لە شانۆگەری هەڵبژاردندا بەشداری مەکەن، مەچنە پای سندوقەکانی بە ناو دەنگدان و بە نەچوون بۆ پای سندوقەکان، نامەشروع بوونی ڕژیم و شانۆگەری هەڵبژاردنەکەی بە خەڵکی دنیا ڕابگەیەنن. بە نەچوون بۆ پای سندوقەکانی بە ناو دەنگدان ئەم گاڵتەجاڕیە بکەنە شانۆی ڕیسوایی خودی ڕژیم. بە نەچوون بۆپای سندوقەکان عەزم و ئیرادەی خۆتان بۆ کێشانە خوارەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات ڕابگەیەنن. هەڵسوڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بکەونە ڕیزی پێشەوەی ئەم هەوڵە بۆ لەقاودانی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی گاڵتەجاڕی ئەم هەلبژاردنە. پێویستە بە وەڕێخستن و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن، تراکت، بە نووسینی دروشم بەسەر دیوارەکانەوە و بەشداری هەڵسوڕاوانە لە شەبەکەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییدا ناوەرۆکی ڕاستەقینەی شانۆگەری هەڵبژاردن لەقاو بدەن. هەڵسوڕاوانی کومۆنیست لەم هەلومەرجەدا نابێت تەنیا بە هاندانی خەڵک بۆ نەچوون بۆپای سندوقەکان و دەنگ نەدانیانەوە بوەستن، بەڵکو دەبێ وێڕای لەقاودانی جێگاو شوێن و ناوەرۆکی" هەڵبژاردن" لەم هەلە کەڵک وەربگرن و ڕێگای ڕزگار بوون لە گشت ئەم فەلاکەت و بێبەشیانە، ڕێگای ڕێکخراوبوون و ڕیگای ڕزگار بوون لە چنگ نەهامەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بە خەڵک نیشان بدەن. پێویستە لەم مەجالەدا وشیاری و ئاگاهی سەبارەت بە پێویستی ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی بەرنە قووڵایی کۆمەڵگاوە. چینی کرێکاری وشیار و ئاگاە بە مافە دوور و نزیکەکانی، چینی کرێکاری ڕێکخراو لە ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتی و حیزبیەکانی خۆیدایە کە دەتوانێ باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزوونەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆردستان و دەستە و گوروپە پێشرەوە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکانیان بەرێتە پێشەوە و لە ئاکامدا شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە سەمەر بگەیەنێ. بەدی هێنانی هەرچەشنە باشتر بوون و چاکسازیەک لە ژیانی خەڵکدا ئەگەر چی کەمیش بێت و چەسپاندنی دەسکەوتەکانی خەبات و تێکۆشانیان و هەر وەها ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگایەوە مسۆگەر دەبێت.

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری**

**بژی سۆسیالیزم**

**کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**بەفرانباری ١٣٩٠**

**ژانویەی ٢٠١٢**

***